# فەرهەنگۆکی ئەفسانە و سەرووسرووشت

هاوڕێ جەلال پارەزانی

٢٠٢١

## بەشی یەکەم:

ئەرژەنیی؛ ئەرژەنگ؛ ئەرجەن؛ هلێن؛ دێو؛ دیو؛ دێوەزمە؛ خێو؛ غوول؛ غۆل؛ خوول؛ خووڵ؛ حوول؛ حۆل؛ حۆیل؛ هوول؛ هوولە؛ هەوولا؛ هەیولا؛ هەیوەلا؛ دێبا؛ دیڤە؛ دەعبا (دابة-عربی).

لە زمانەکانی تریش هەیە وشەی دێوانە و دین کە واتای شێتن؛ لە وشەی (دێو)ەوە هاتوون.

وشەی ئەرجەن هەر دەچێتەوە سەر وشەی جن؛ بەڵام ماناکەی گۆڕاوە.

نەڕەدێو: دێوی بەهێز.

**مێردەزمە:** مۆتەکە؛ ئارختک؛ شەڤپەست؛ سرنجک؛ گازگەور؛ گازڕان؛ گاجاڕ؛ خرنجک؛ خەفتەک؛ مۆتە؛ بەرخەفک؛ بەرخەفەج؛ بەختەک کابووسیشی پێ دەوترێت؛ کە ئەمەیان لەگەڵ (قابض) هاوڕیشەیە و مانای گرتن دەدات؛ مەبەست لەوەیە کە قورگ دەگرێت! بەڵام وشە عەرەبییەکە مانای گۆڕاوە بۆ (فریشتەی گیانکێشان).

(خەفتەک؛ بەرخەفک؛ بەرخەفەج) واتە: ئەوی لە کاتی خەفتن دێتە گژت.

ئارختک واتای ترسێنەرە لە (ئارخ)ەوە هاتووە.

**ئایشەگوێدرێژ:** دێوێکی گوێ زل و درێژی منداڵ فڕێن بووە.

باسی وشەکانی (مێردەزمە) و (مۆتەکە) و (ئایشەگوێدرێژ)م لە سێ وتاردا کردووە.

بەڵام شایانی ئاماژەیە کە بڵێم؛ وشەی (مێردەزمە) بێ لەوەی بە مانای (مۆتەکە) دێت؛ بەردێکیشە کە پیاوان زەم دەکەن لە بەرزکردنەوەیدا و نیشانەیەک بووە بۆ دەرخستنی بوون بە پیاو؛ پێشی وتراوە (بەردەعازەبە).

مۆکڵ؛ ئاڵ؛ ئاڵە؛ هاڵ؛ هاڵە؛ یاڵ؛ یاڵە؛ شەوە؛ شەڤە؛ شەوێ؛ شەشەیی: جنی زەیستان و ساواکوژ.

هووک؛ هووکڵ: ساهل؛ سایل؛ توڕندی؛ جنۆکە؛ جن؛ جند؛ جنیی؛ جندۆکە؛ ژنۆکە؛ ئێن نەچێ؛ ئێن گۆنێ؛ ئەجندە؛ ئەجننە؛ ئەجنە؛ عەجنە؛ ئەوانگەل؛ میەسڵ؛ لەمەچێتر؛ مەچێتر؛ ێن ژمەچێتر؛ ژمەچێتر؛ زمەچێتر (از ما بهتران-فارسیی)
(هووک؛ هەوک؛ هووکن؛ کەڵهوو) کە بە شێت دەوترێت؛ لەم (هووک؛ هووکڵ)ەوە هاتووە.
پێشم وایە؛ (هوکڵ) و (مۆکڵ) دەچنەوە سەریەک.
وشەی جنوون و مەجنوونیش لە وشەی (جن)ەوە هاتوون.

**بەشی دووەم:**

پەریی؛ نەیسز؛ خولاپەڕک: بە مانای فریشتە و جنی مێینەش هاتووە چووەتە ناو زمانی ئینگلیزیشەوە (peri) ئەم وشەیە دەتوانین بڵێین بەرانبەر (حوری)ی عەرەبیی دەوەستێتەوە وشەی (پەریی) لە وشەی (فریشتە)ەوە کورت بووەتەوە.
پەریی گۆڕاویشە بۆ (زەریی؛ زەرا؛ زارا) و بۆ ئافرەتی جوان و زیباش بەکارهێنراوە.

کوڵەنانێ: جادووکار؛ جادووباز؛ فاڵچی (ئەو کەسانەی کتێبی بەخت دەگرنەوە)
ئاهریمەن: شەیتان؛ هەر جنە بەڵام جنی خراپەکارە؛ لە ئاهر(ئاگر) دروست بووە وشەی (شێت: دێوانە؛ شبر) لە شەیتانەوە هاتوون.
دەهێن: گیانەوەری زۆر سەیر و ناشیرین.
دێوەڵووکە: دێوێکی تووکن و سەرتاپا تیسکنە لە شیعری شێخ ڕەزاشدا هاتووە:
(ئێستەش کراسی چڵکنە؛ ناولنگی کوڵکنە
وەک دێوەڵووەکە تووکی بەری؛ بستێ هاتووە)
(ڵووک) و (کووڵ) هەڵگەڕاوەی یەکن و واتای (تووک) دەدەن.
کوڵکن: تووکن.
قازانەسەر: دێوێکی خەیاڵیی؛ منداڵی پێ دەترسێنن قازانەسەر ناوی گوندیشە.

مارمار: ماڵماڵ: ناوی پاڵەوانێکی چیرۆک و ئەفسانەی کوردییە هەر هەمان ناوی (مەحمەڵ)ە.

بەیتی مەحمەڵ و برایم خۆشە. (بەیتی بلە: بەیتی برایم)

سامۆتک: سوێس؛ سهنە؛ قەرانتوو؛ قەرە؛ شەبەهـ؛ شەڤرەشک؛ تارمایی و ڕەشایی لە دوورەوە وشەی (شەبەح)ی عەرەبیی لەم (شەبەهـ)ەوە هاتووە کە بنەمای وشەکە مانای (ڕەشایی) دەدات.

شەودێز: تارمایی شەو

**بەشی سێیەم:**

عووج: بوونەوەرێک یان مرۆڤێکی زۆر زەبەلاح بووە؛ پێی لە زەمیی و سەری لە هەوران بووە. (لە وتارێکدا باسی ئەم عووجەم کردووە)

قژبەسەرە؛ قژنەسەرە؛ سەرقژن؛ سەرکڕنیک: جۆرێک جنۆکەی سەر و بژ تێکچڕژاوی ناشیرینە.

مەرجانەی جادوو: ئافرەتێکی جادووکەرە لە چیرۆکەکاندا هاتووە؛ بە پیرێژنی ئۆینکاریش دەوترێت.

فریشتە: مەلەک؛ مەلکە؛ مەلەکە (ملائكة-عربی) پێکهاتەی وشەی (فریشتە) بە مانای نێردراو دێت. ئەگەری زۆرە؛ وشەی (مەلەک) مانای (فڕندە) بدات و لە وشەی (مەل)ەوە هاتبێت. واتە وشەکە لە کوردییەوە چووبێتە ناو زمانی عەرەبییەوە چوونکە ناوی فریشتەکانیش بە گشتیی عەرەبیی نین و چوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە وەک (جوبرائیل؛ ئیسرافیل؛ میکائیل؛ ...) واتە وشەی (ملائکة؛ ملائک)ی عەرەبیی؛ کۆی وشەی (ملک)ە وەک (ملک الموت)دا هەیە.

گورنەتەڵە: نێوێکە لە چیرۆکی کوردەوارییدا؛ پێم وایە وشەیەکی تەوسە؛ ناوێکی گەورەیە بۆ کەسێکی بچووک؛ پێم وایە وشەکە بە واتای گورگ ترسێن دێت.

گور: گورگ

نەتەڵە: ترسێن

پەتیارە: ناوی دێوێکی خراپەکارە؛ لە ئادینی زەردەشتییدا وشەکانی (ئەبتەر: شێتۆکە)؛ (ئەبدالّ: شێت) (پەتەڕیی؛ پەتیارە: شێت؛ سەرگەردان) لەم ناوی دێوەوە هاتوون.
ئاسیمە؛ ئایشمە: ناوی دێوێکی خراپەکاری ئادینی زەردەشتیی بووە (ئاسیمەن؛ ئاسمانیی؛ ئاسین: شێت) لە ناوی ئەم دێوەوە هاتووە.
پیمێرد: گیانگیر؛ گۆنگیر؛ ئیزرائیل؛ (ملک الموت)؛ فریشتەی گیانکێشان؛ ئیفلیت؛ ئیفنیت؛ ئیڤنی؛ ئیڤنیک؛ ئیڤنویتە: دێوی گەورە و زەبەلاح؛ بە خوازە بە مرۆڤی کەتە و زەلامیش دەوترێت لە عەرەبییدا (عفریت: جنۆکەی بەهێز و بالآدەست).

## بەشی چوارەم:

پیرهەڤۆک؛ پیرعەبۆک؛ پیرهەبۆک؛ پیرهەڤیی؛ پیرەبۆک؛ پیرەبۆتک؛ پیرەڤۆک؛ پیرلک: دێوێکی پیری مێینەی خراپەکاری خاوەن تەلّسمە، ئەم دەلّەدێوە، وەک پیرێژنەکەی ناو فیلم کارتۆنی (دەنکە هەنارە) وایە؛ بەلآم جیاوازییان ئەوەیە؛ ئەمی خۆمان چنگەکانی لە ئاسنن؛ بۆیە پێشی دەوترێت (پیرا چەنگ هەسن)؛ هێرش دەکاتە سەر منداڵی مرۆڤ هەروەها ئاژەلآنیش؛ بۆیە پێشی دەوترێت؛ (پیرا مرۆڤ خۆر؛ پیرا مالخۆر).

ڕموزن: درنج؛ هەلآمەت؛ عەلامەت: دێوی ناشیرین و ترسێنەر بە کەسی ناشیرینیش دەوترێت.
وەک لەو پەندەدا هاتووە: (کەری خۆی لێ بووە بە ڕمووزن) چیرۆکی ئەو پەندەم لە وتارێکدا باس کردووە.
(پیرەمێرد) لە پەندە هۆنراوەیەکدا دەلّێت:

ئەو دەمە بەختم لێ بوو بە دوژمن
کە کەرە دێزەم بوو بە ڕمووزن

(وشەی ڕمووزن و عەلامەت؛ مەبەست لە شکلّێکی ناجۆر و ناشیرین و بیچمی درووستکراوی وەک (داوەڵ)ە.
هەر بۆیەش؛ (داوەڵ)یش؛ بە مانای (هەلّەمەت؛ ڕەشک)یش دێت.
ئەژدیها: بەرانبەر وشەی (دراگۆن) دەوەستێتەوە بە ماری گەورە و زەبەلاحیش دەوترێت. هەژیا؛ ئەژیا.

هەژیها؛ هەژدیها ئەژیی: ئەژدی؛ هەژی؛ هەژیا؛ حەژیی؛ حەزیی؛ حەزیا؛ حەفیی وشەکە لە عەرەبییدا بووە بە (حي: مار)

بوڕاق؛ بۆڕاق: ئەسپێکی باڵدارە کە پەیامبەر (د.خ.) لە شەورەوییەکەدا؛ پێی فڕیوە بۆ ئاسمان.

مەلکەزان: فریشتەی زۆربوونی دەخڵودان و زاووزوو.

بیست و چاری ئازاریٚ
مەلکەزان هاتە خواریٚ
سەری داریٚ بنی داریٚ
تێرەخوارا ماکیٚ و کاریٚ

خدری زیندە: بە وتارێک باسیم کردووە.

سەرپان: جنۆکەی جادووکەران کە شتیان بۆ دەکات.

شاماران: ئەم بوونەوەرە ئەفسانەییە؛ دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر؛ ئەم بوونەوەرە زۆری لەسەر نووسراوە؛ بۆیە؛ ڕوونکردنەوەی بە پێویست نازانم. (وێنەکەی خوارەوە کە وێنەی شامارانە؛ خۆی دەدوێت!)

## بەشی پێنجەم:

کڵاوی سەخری جن: لە چیرۆکی فۆلکلۆرییدا هەیە؛ کە کەسێک کڵاوی سەخری جن لەسەر بکات؛ ئیتر کەس نایبینێت! وشەی جن بە واتای نادیار هاتووە؛ وشەی (جن؛ جنۆکە)ش هەر ئەو مانایەی هەیە.

(سەخر) کڵاوێکی قوچەکییە بە گوڵینگی سەر سەخر دەوترێت یان سەخریی.

هەنبانەبۆرینە: هەنبانەیەکی جادوویی بووە؛ دەستیان تێدا گێڕاوە و هەرچییان ویستبێت؛ تێیدا بووە!

جادووبەند: مەدالیایەکی سندوقیی گرانبایی لە ئاڵتوون و زیو؛ نووشتە و جادووی تێدا هەڵدەگیرێت.

شێردال: ئانزوو؛ بوونەوەرێکی ئەفسانەییە؛ بریتییە لە شێری باڵدار؛ وێنەی ئەم شێرداڵە لە جێماوە دیرۆکییەکاندا دەبینرێت.

هوما: باڵدەی قەقنەس؛ سیمرغ؛ نێوی لە وێژەی کلاسیکیی کوردییدا زۆر دەبینرێت.

هوما؛ نێوی باڵندەیەکی خەیاڵییە باڵندەیەکی زەبەلاحی خۆشئاوازە و عاشقی دەنگی خۆیەتی! ئەم باڵندەیە؛ دەوترێت ٥٠٠ یان ١٠٠٠ ساڵ دەژی و کاتێک هەست دەکات کۆتایی تەمەنێتی؛ دەچێتە بەرزاییەک و باڵەکانی کە مادەی مسیان تێدایە؛ لێکیان دەخشێنێت؛ گڕی تێ بەردەبێت و خۆی دەسووتێنێت؛ لە سووتانەکەیەوە هێلکەیەک چێ دەبێت و دیسانەوە دەتروکێت و دەبێتەوە بە قەقنەس، باڵندەکە هێمای گەورەیی و مەزنییە. سووتانەکەشی وەک سووتانی (مۆم) بە مەزنیی لێکدراوەتەوە.

هەر لەم ئەفسانەیەوە سوود لە وشەی (قەقنەس) وەگیراوە؛ بە واتای سووتانی تەواوەتیی و بە قەرەبرووت بوون.

نێوی ئەم باڵندەیە؛ لە عەرەبییدا (العنقاء)ە

بە ئینگلیزیی(phoenix)

لای تورک(Qonrul)

لای چینییەکان فینگهوانگ (凤凰)

لە فارسییدا قەقنووس و قەقنەس.

عەنقاء لە (عنق)ەوە هاتووە؛ بە مانای گەردن؛ مەبەست لەوەیە باڵندەیەکی گەردن درێژە ناوی فینیکس لە وشەی (فینیکیی؛ فینیقیی)ەوە هاتووە؛ هەربۆیە لە زمانی عەرەبییدا پێشی دەوترێت (الطائر الفينيقي).

واتە وەک ناوی تەیرەنئەبابیل وایە؛ کە مانای باڵندەی بابلییەکانە؛ یان وەک ناوی عەلەشامیی؛ کە لە هەر جێیەک؛ ناوەکەی دەخرێتە پاڵ وڵاتێکی تر؛ وەک لە عەرەبییدا دەترێت (ديک رومي) ئەم باڵندەیە لە زۆر ئەفسانەی گەلانی جیهاندا؛ هاتووە لەوانە (عەرەب و ئێران و ئۆروپا بەگشتیی و چین) و زۆریان بە پیرۆزیان داناوە.

لە کتێبی (فرهنگ اشارات)بەرگی دووەم؛ هاتووە: وشەی قەقنەس؛ عەرەبێنراوی وشەی (کوکنوس)ی یۆنانیی و لاتینییە.

لە زمانی لاتینییدا (cycnus) یان (cygnus) بە واتای (قوو) دێت کە جۆرە باڵندەیەکی ناسراوە.

میسرییە کۆنەکان وێنەی هومایان خستووەتە پاڵ باڵندەی شاوەسوڵتانیی؛ شاوەبەڵەک (واقواقکەرە).

کوولەکەی ڕۆح: لە ئەفسانەی کوردییدا؛ جادووگەران دەتوانن ڕۆحی مرۆڤ لە ناو گۆزەدا یان کوولەکەدا بەند بکەن (کوولەکە وەک دەفر بە کار هێنراوە) هەروەها توانیویانە ڕوحی مرۆڤ بگوێزنەوە بۆ جەستەی گیاندارێک. وەک مار؛ ئاسک؛ کۆتر.
هەروەها جادووگەران ڕۆحی خۆیان لە کوولەکەیەکدا هەڵگرتووە و پاراستوویانە؛ بۆیە هەتا ئەو کوولەکەیە نەشکایە؛ نەدەتوانرا ئەو جادووگەر و خراپەکارە بکوژرێت جا ئەگەر ئەم کوولەکەیەی ڕۆحەکەی تێدایە؛ بشکایە؛ ئەوا کەسەکە دەمرد؛ بۆیە ئەگەر کەسێک شتێکی زۆر خۆش بوێت و بیپارێزێت؛ دەڵێن (دەڵێی کوولەکەی ڕۆحێتی) بێکەسی شاعیر لە هۆنراوەیەکی منداڵاندا دەڵێت:

تۆ تۆپی یاریکردنی
وەک کوولەکەی ڕۆحی منی

وەک کوولەکەی ڕۆحی منی: وەک کوولەکەی ڕۆح لەلام خۆشەویستیت.

## بەشی شەشەم:

دۆڵپا؛ دۆڵپای بەحری: بوونەوەرێکی دەریاییە؛ خۆی دەخاتە سەر شێوەی پیر و پەککەوتە و داماو و داوای هاوکاریی دەکات! هەرکەس لە کۆڵی بکات و بیەوێت بیپەڕێنێتەوە؛ ئاوقای دەبێت و خۆی لە کۆڵی توند دەکات و خۆی هەڵدەچەقێنێت لە گیانی و لە کۆڵی نابێتەوە.
قژنەسەرە مرۆڤی کێویی و سەرووپرچ ناشیرین.
تەهووج؛ تەیرەهووج؛ تەلەتیش: گوایە ناوی جنن و ئەگەر بتەوێت ئامادە بن؛ بەو ناوانەوە بانگیان دەکەیت بۆ یارمەتیدانت.
وەک (بەختیار زێوەر)ی هۆنەر دەڵێت:

تەلتەهیش یا تەیرەهووج سێ چوار هەزارێکم ئەخوێند
فائیدی چی هیچ نەهات بۆ لام جنۆکەی ڕووتوقووت

تەنتەڵ: دێوەزمە.
شمشاڵی ئەفسووناویی شەیتان: ئەم شمشاڵە لە دوو ڕێگەوە دەست دەکەوێت؛ یەکەم ئەوەی شمشاڵژەن؛ خۆی شارەزایی تێدا پەیدا دەکات؛ دەتوانێت بە شمشاڵەکە قسە لەگەڵ ئاژەڵەکانی بکات.

یان شەیتان ئەو شمشاڵەت بە دیاریی دەداتێ و دەتوانیت هەرچییەکت بوێت بە ئاژەڵی بکەیت؛ بۆ نموونە دەتوانیت لەسەر دوو پێ هەڵیانپەڕێنیت؛ یان دەتوانیت پێی بڵێیت لە شاخێکەوە خۆی فڕێبداتە خوارەوە!

تەبەرە: ناوی یەکێک لە دێوەکانە؛ کە لە چیرۆکەکاندا ناوی هاتووە.

باشکوج: ئەم بوونەوەرە وەک شێرداڵ وایە؛ بەڵام ئەمیان سەری باشە (باشوو؛ باشک-صقر)ە و ئەوی تری جەستەی شێرە و دوو باڵی هەیە.

لە ئەفسانەی فارسییدا بە گریفن/گریفون هەیە.

خرس: جادوو

هێلکەی نامێ: هێلکەیەکی ئەفسانەییە؛ ئەگەر دەستت بکەوێت و بیشکێنیت؛ جوانترین کچی لێ دێتە دەر.

ڤزاب: ئەژدیها

هەنوونێ مەنوونێ: وشەیەکی بێمانایە؛ گوایە جادووگەران کە ئەو وشەیە دەڵێن؛ ئەوی دەیانەوێت دەیکەن.

واتە بەرانبەر بە (ئاداکەدابرا)ی نەتەوەکانی ترە.

همێلی: دوعای نوشتە. کرفە: دەنگی ئاسمانیی؛ دەنگی فریشتە و دەنگی سروش (وحي). هووت: ڕۆحی شەڕەنگێز و ئەهریمەنیی کوڵەنان: کەسێک کە دەتوانێت زاوای بەستراو بکاتەوە (وێنەکانی خوارەوە یەکیان شامارانی ئەفسانەی کوردیی و ئەوی تریا (medusa)ی ئەفسانەی بییانییە) هەردوویان لاشەیان ئافرەت و سەریان مارە.

## بەشی حەوتەم:

شۆڕان؛ شۆڕانیی: گوڵێکی ئەفسانەییە؛ وەکوو چلچرا دەئایسێ و دەوروبەری خۆی ڕووناک دەکاتەوە و دەیکات بە چراخان؛ دەوترێت ئەم گوڵە لە عومان هەیە.

هەل: فریشتەی پارێزەری دارستان. بازیبەند؛ بازووبەند؛ بازبەند؛ بازووبەن؛ قۆڵبەن: پەتێک یان نووشتوویەک کە بە ڕشتەکێکەوە بە قۆڵەوە دەکرێت؛ بۆ پارێزگاریی مرۆڤ.

(هەروەک بازووبەند بتکەمە باڵم
هێشتا پێم دوورە هاوار بە ماڵم) (فۆلکلۆر)

(واتە ئەگەر وەک بازووبەند (قۆڵبەند) کە پەتێکە بتبەستم بە باڵیشمەوە هێشتا بەلامەوە دووریت! حەز دەکەم لێمەوە نزیکتر بیت!
کشتەک: خۆی مانای پەت و قەیتان دێت. بەو پەت و قەیتانەش دەوترا کە وەک نووشتە دەیانبەست بە قۆڵ و مەچەکەوە لە قۆڵیان دەبەست بۆ چاوونفوس لە مەچەکیان دەبەست بۆ لەرزوتێ.
ملەوەن لە مل دوعا وەبن باڵ
لاکە بەم لاوە؛ بووم بە کۆی زووخاڵ

ماری سەمەندەر: مارێکی ئەفسانەییە؛ گوایە لەناو ئاگردا دەژی (سەمەندەر) کراوە بە ناوی یەکێک لە چەشنەکانی قۆریلەش.
فەیلەقووس: بێ لەوەی بە مانای فەیلەسووف بە کار هێنراوە. وتراوە ئەو شارە بووە؛ بە ژێر دەریاچەی زرێبار لە مەریوان کەوتووە، ئێستا شوێنی تریش هەیە هەر لە مەریوان بە ناوی فەیلەقوسەوە.
پێم وایە هاڵ لە (آل)ی عەرەبییەوە هاتووە کە مانای تراویلکەیە کە وشەی ئاڵەک و ئاڵەکە/ئالەکە هەر لەمەوە هاتوون
ئالەکە: ڕەشکەوپێشکە؛ تەراخوما.
ئالەک: تانە و پەڵەی سەر چاو؛ بە مانای پەڵەی ڕوخسار (هنارۆک؛ ڕووهنارۆک)یش هاتووە.
هنارک: سەر گۆنا.
ئالەک: پێش چاو؛ سەرگۆنا و بەر چاو.
(ڕووچک) بە مانای دەموچاو (ڕوخسار)یش بە کار هێنراوە.
ئاڤسین: ئاوسین؛ چاوچلە؛ چاوچۆلە؛ چاوچۆڵە؛ چاچۆل؛ جاچۆڵ: نوشتەی چاوبەست؛ نووشتەیەکی چاوەزار بوو؛ دەکرا بە پەلەوەر و مەڕوماڵاتەوە! چلە واتە چەپەڵ؛ پیس چاوچلە واتە چاوپیس.

## بەشی هەشتەم:

گون شەیتان: مادەیەکی تۆز و بۆدرەییە؛ دەیکەیت بەسەر هەرشتێکدا دەیکات بە ئاڵتوون؛ ئەم ماددەیە لای گەلانی تر؛ بە (ئەکسیر؛ ئێکسیر) هەیە.

هەیاسی دورناس: کەسایەتییەکی ئەفسانەییە؛ بە نموونەی دانایی و زیرەکیی و زرنگیی دەهێنرێتەوە؛ دەکرێت بڵێین هاوشێوەی لوقمانی حەکیمە لەناو کوردەوارییدا.
ئاوی ئاتەڵ: ئەم ئاوە؛ هەرچییەکی تێبکەیت دەیکات بە ئاڵتوون.
شایی جندۆکان: ئەمە بە گێژەڵۆکە دەوترێت؛ گوایە ئەو تەپوتۆز و لوول و پێچ خواردنە؛ دەستگرتن و ئاهەنگی جندانە.
جۆلانەی حۆریی: ئەمەش بە پەلکەزێرینە وتراوە؛ گوایە؛ پەرییەکان ئەو جۆلانەیە درووست دەکەن و لەسەری گەمان دەکەن ئەها لە گۆرانیی فۆلکلۆرییدا هاتووە:
لەگەڵ حۆریا شەڕێتی
بۆ سەر پەلکەزێڕینە

واتە یارەکەی ئەوەندە جوانە لەگەڵ پەنجە لە پەنجەی حۆریی دەدات؛ لەگەڵ مانگ شەڕ دەکات؛ واتە یارەکەی شان لە شانی حۆریی دەدات و خەریکە جێیان پێ لێژ دەکات!
پەلکەزێڕینە؛ نزیکەی بیست ناوی جیاوازی هەیە لە زمانی کوردییدا! بۆ نموونە زەڕینە و سمینە؛ کەوارەنگینە؛ کۆلکەڕەنگینە؛ کەسکەسوور؛ پرچی ئایشە و فاتمە واتە پەلکەزێڕینە ئاوێنەی پرچی ئایشەی هاوسەر و فاتمەی کچی پەیامبەرە د.خ. خۆی نیشان دەدات!
ڕەمڵ؛ ڕەملگرتنەوە: بەخت و چارەنووس خوێندنەوە.
چوومە بنچینەی علوومی ڕەمل و جەفر و جەلجەلووت
تێگەیشتم زەڕڕەیێ نەفعیان نییە هەر وەک سرووت
(زێوەر)

کیڕ: شووم سێرەبەند: جادوو خیفزان؛ خیڤزان؛ خێفزاک: فاڵچی؛ فالزان؛ دەستگرەوە؛ بەختگرەوە؛ قاوەگرەوە.
خێف؛ خیف مانای نادیار دەدات و بە مانای (غەیب)یش بە کار هێنراوە؛ بووگرە وشەی خیف و غەیب هاوڕیشەن.
خەف: بزر؛ نادیار.

قاڵیچەی پەیامبەر سولەیمان: گوایە پەیامبەر سولەیمان؛ قاڵیچەیەکی هەبووە؛ دەچووە بان قاڵیچەکە؛ بۆ هەر کوێیەک بڕۆیشتایە؛ قاڵیچە لەژێر فەرمانیدا بوو و دەبرد.
جا خراپیش نییە پێتان بڵێم فیلم کارتۆنی عەلادین بە خۆی و قاڵیچە و دێوەکەیەوە؛ لەم باسەی پەیامبەر سولەیمانەوە داکەوتووە؛ چوونکە پەیامبەر سولەیمان؛ هەم قاڵیچەی هەبوو؛ هەمیش دێو و هەفرید (عفریت) لە خزمەتیدا بوون.
(ئێمە بە حیکایەتی قاڵیچەی سلێمان پێغەمبەر و باسوخواسی عیفریتان تێکەوتین؛ شێخان هەڵیان خەڵەتاندین؛ فلان سواری قاڵیچەی سلێمانیی بوو؛ گوتی بە حەقی سلێمان بمبە فلانە جێ؛ دەستبەجێ بردی؛ عفریتان قەڵای کچی پاشایان هەڵگرت بە بناغەوە بردیانە ناو حەوت دەریایان و لە جەزیرەدا دایانن.
ل٥٧-٥٨ فڕی فڕی قەل فڕی ن/مەلا محەمەدی کۆیی چاپی ٢٠٠٩

کەومار: گیاندارێکە لاشەی کەوە و سەری مارە سەرقەڵەمە؛ ولفەت؛ وەڵیفەت: مز و کرێی نووشتەنووسیی وەلیفەت خۆی مانای بەهایە پارە و مز و حەقدەستی دوعا و نووشتەنووسیی.

**بەشی نۆیەم:**

شەوگەڕ: دێوەزمەیەکە؛ بە شەوان دەگەڕێ و ئەگەر منداڵ ببینێت لە دەرەوەیە؛ دەیفڕێنێت!
قەباخ: نووشتەی چاوەزاری باخ و بێستان.
گەور: دێو تەروەند: وەهم تەروەندە.
خورافە ئێسکی هودهود: کچان و کوڕان ئێسکی هودهودیان لەناو پەڕۆی تەقەڵدروو لەگەڵ خۆدا هەڵدەگرت بە مرازی ئەوەی بیانەیەنێت بە دڵپێداچوو و دڵدارەکەیان لەوەوە داکەوتووە؛ کە ئەم باڵندەیە بەڵقیس و پەیامبەر سلێمانی پێک گەیاندبێت
هەروەها هەڵگرتنی ئێسکی جگی ڕێویی بۆ بەخت هەڵگرتنی ئێسکی جگی گورگ بۆ ئازایەتیی قوزەکەمتیار: ئەویش وەک ئێسکی هودهود؛ گوایە هەر کەس لەگەڵ خۆی هەڵیبگرێت؛ دڵی خەڵک بەلای خۆیدا دەهێنێت؛ هەروەها بەخت بۆ هەڵگرەکەی دەهێنێت
شەوکڵاو: کڵاوێکە هەر کەس لەسەری بکات جوان و شەنگ و شۆخ دەبێت (لە چیرۆکی فۆلکلۆرییدا هاتووە.)

پیرۆزە: باڵندەی هوما خرس.
وڕوڕە؛ ئەو بڵمەبڵمەی کە جادووکەران دەیکەن؛ واتە قسانێک کە لە وڕێنە دەچێت و جادووکاران دەیخوێنن.
یەکێکیش کە زۆر قسە بکات و بیدات بەسەر یەکدا؛ دەڵێن وڕوڕەی جادوو دەخوێنێتەوە.
قەبزە؛ قەمزە: بەرگی نوشتە جادووبەست: جادووبەند؛ سێرەبەند؛ وێردێک کە سیحر و جادوو پووچەڵ بکاتەوە وشەی سێرە یان سێرک هەمان وشەی (سیحر)ە واتە سێرەبەند؛ سحرەبەندە.

**بەشی دەیەم:**

سنگنقیس: تەعویز؛ نوشتەیەکە دەکرێتە توێی بەرگەوە و بە ڕشتەکێکەوە دەکرێتە مل.
دەستی من تەعویزە بۆ ڕەددی بەڵا
با حەمایل بێ لە ملتا؛ بێڵە سا ) (سالم)
وشەی (حەمایل)یش هەمان مانای تەعویزی سەرەوەی هەیە؛ بێ لەوە؛ وشەی تەعویز و حەمایل لە شیعرەکەدا واتای تریش دەگرنەوە دیارە لەگەڵ (همێلی: دوعای نوشتە)دا یەک شتە.
شەوارە: شەوبێداریی و کێشکی شەوان لە دەوری منداڵ؛ تا شەوە زەفەری پێ نەهێنێت (شەوارە)؛ بە مانای تریش هەیە.
جەوشەن: کتێبێکە دوعای تێدا نووسراوە؛ لە کاتی شەڕ و جەنگدا؛ جەنگاوەران ئەم دوعایەیان دەخوێندەوە؛ یان هەڵیان دەگرت؛ تا وەکوو جەوشەن کە زرێپۆشە بیانپارێزێت؛ بەو نووشتەیە دەوترا (جەوشەن).
گوایە ئەم دوعایە جوبرەئیل لە جەنگێکدا بۆ پەیامبەرمانی هێناوە! بەس جوبرەئیل ماوە درۆی بە دەمەوە بکەن!
حاجی قادری کۆیی وتوویە:
پاڕانەوە و تئەوەکوول؛ لەم عەسرە پارە ناکا
تیرە دوعایی (جەوشەن)؛ پەیکانە (حیرز)ی مەیدان
ئوورم؛ ئورمێ؛ ورمێ–ودم: مفەڕک پەریزاد: زادە و داکەوتەی پەری حووروەش؛ حوورسرشت؛ حوورئاسا: وەک حۆری قاقەزبالا: نوشتەی بەربەژن لەپکەشینە

(پیرۆزە) مووروویەک بوو؛ بۆ چاوەزار دەدورا بەسەر شانی جلی منداڵەوە یان پەنایان دەبردە بەر نووشتە؛ بەدەر لەمە سوودیان لە شتی پیس و بێئەرزشی وەک ڕیقنە و توێکڵی هێلکە و گووی سەگ و ناڵی کەر وەردەگرت؛ بۆ گێڕانەوەی چاوی پیس ناڵ بە ماڵ و پەرژینی باخیانەوە دەکرد گووی سەگیان دەکردە پەڕۆ و بە زین و کۆپاندا دەیاندروو ڕیقنە و ئەمانە لەسەر خەرمان دایاندەنا کەمێکم لە بەشی یانزەش نووسیوە پشتیوان بە خوا؛ ئەویش تەواو دەکەم..

**بەشی یانزەیەم:** قولەی قاف: کێوی قاف؛ کێوێکی ئافسانەییە؛ گوایە بەرزترین کێوە و لەوپەڕی زەوییە جێی ئەژدیها و زەبەلاح و دێو و درنج و جن و خێو؛ هەر کەسێک بچێت بۆ ئەوێ؛ چوونی دەبێت؛ هاتنەوەی نابێت!

باقڵ دەچینە پەردەی ئیعتیکاف

جنۆکە دەبەن بۆ پشت کێوی قاف (پیرەمێرد)

شتێک لە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونەوەدا نەبێت؛ بە قولەی قاف چوێنراوە.

مێروولە نەچێ چاکە بە گژ قولەیی قافا (شێخ ڕەزا)

چوون مووریٚ جە بەر قولەی قافەنی (مەستوورە)

دێوبەند: نوشتەیەک بۆ ئەوەی دێو و خێو و جنۆکە زەفەرت پێ نەهێنن و دەستیان پێت نەگات.

تەلیسم دێوبەند؛ قوللەی قاف لەیل

سەترش نەکەندەن؛ جە پای ناف لەیل( خانای قوبادیی)

شەودێز: تارمایی شەوان.

ساموتک نوشتەی دەمبەست؛ زاربەست: دوو جۆر نووشتە بووە.

یەکەم: بۆ بەستنی دەمی دڕندە بووە لە خواردنی ئاژەڵی ماڵیی؛ بە تایبەت ئاژەڵێک ئاوەکیی و تەرا بوو بێت بە قانعیان وتبوو؛ تۆ مەلایت؛ دەمبەستی گورگمان بۆ بکە! وتبووی نایکەم! چونکە گورگ خوێندەواریی نییە و تێی ناگەن! لەسەر ئەم هەڵوێستانە ڕەنگە دە جار لە دە دێ دەرکرابێت!

دووەم: بۆ بەستنی دەمی کەسێک؛ لەوەی لە بابەتێکدا قسە نەکات یان نارەزایی دەرنەبڕێت و پێمل و ڕازی بێت.
شەوچرا؛ شەوچراخ (گەوهەری شەوچراخ): گەوهەرێکە؛ لە شەودا ڕووناکیی دەدات؛ ئەگەر پێت بێت؛ دەوروبەرت وەک ڕۆژ بۆ ڕووناک دەکاتەوە.
لە چیرۆکی فۆلکلۆرییدا هاتووە.
شەوارە: شەوبێداریی و کێشکی شەوان لە دەوری مندالّ؛ تا شەوە زەفەری پێ نەهێنێت.

## بەشی دوانزەیەم:

ئاوێنەی دنیابین: ئاوێنەیەک جادووییە؛ هەرچی داوای لێ بکەیت لەسەر زەوی نیشانت بدات؛ دەینوێنێت! بۆ نموونە بڵێ ڕسواترین و تڕۆترین حکومەتم نیشان بدە لەوەتەی ئادەمیزاد هەیە! دڵنیابە لۆگۆیەکی حوکومەتی هەرێمت پیشان دەدات!
دەرئاسا: خارق.
پەرج: اعجاز.
پەرجوو: موعجیزە.
مووی پەریی: کاتێک پەریی دەریا؛ موویەکی خۆیت دەداتێ؛ هەرکات ئەو مووە هەڵکرِوزێنیت؛ دەرجێ پەرییەکە پەیدا دەبێت!
گوزارەیەکمان هەیە: (دەڵێی موویان هەڵکرووزاندووە) بە کەسێک دەوترێت؛ لەناکاو لە شوێنێکدا پەیدا ببێت؛ ئەمە لەو ئەفسانەیەوە هاتووە.
لە ئەفسانەی کوردییدا؛ مووی دێو و مووی ئەسپ (ئەسپی سپیی ئەفسانەیی) و مستیلەی ئەفسانەیی هەمان ڕۆڵ و نمایان هەیە.

پەریی (پەریی دەریا): بوونەوەرێکی ئەفسانەییە؛ نێر و مێیان هەیە. جەستەیان لە ناوقەد بەژوورەوە مرۆڤە و بەژێرەوە ماسییە و پوولەکەدارە؛ خاوەن ژیار و شارستانێتی خۆیانن لەبن ئاوێدا.
تووک: دوعای خراپ.
تاپ: شەبەح.

جەلجەلووت: دوعایەکە گوایە فریشتە بۆ عەلی کوڕی ئەبوتالیبی هێناوە؛ کۆمەڵێک وشەی هەڵیت و پەڵیتن! کە دەوترێت وشەکان سریانیین و بە شێوەی عەرەبیی نووسراونەتەوە.

شێوەی دوعاکە لە قسەی جادووکەران و ئەوانە دەچێت؛ کە عەجن(جن) بانگ دەکەن!

دۆنادۆن؛ گۆناگۆن: تناسخ روح؛ واتە ڕۆیشتنی ڕۆح لە قاڵبەدێک و چوونە ناو قاڵبێکی تر؛ لە هەندێک بڕوای ئاینییدا؛ دوای مردنی گیاندارێک؛ گیانەکەی لەناو ناچێت و دەچێتە بەری گیاندارێکی دیکە! واتە بۆتەی گیانەکە دەگۆرێت.

واتای وشەکەش؛ (شێوە بۆ شێوە؛ شکڵ بۆ شکڵە) دۆنادۆن و گۆناگۆن دووبارەکردنەوەی وشەی دۆن/گۆنن.

دۆن: گۆن-گون= ڕەنگ؛ شێوە؛ (ئارگۆن؛ ئارگون: ڕەنگ ئاگریی) (مەیگون: ڕەنگ مەی) وەک لە شیعری کلاسیکدا هاتووە (لێوی مەیگونە) مەبەست لەوەیە لێوی سوورە.

گوللەبەند: مانای گوللەنەبڕ دەدات.

لێرەدا مەبەست لە نوشتەی دژە گوللەیە؛ گوایە هەرکەس ئەم نوشتەیە هەڵبگرێت؛ گوللە نایبڕێت و کاری تێناکات.

گوللەبەندی کاک ئەحمەدی شێخ بەناوبانگ بووە؛ دەڵێن: سوڵتانی عوسمانیی گوللەبەندی کاک ئەحمەدی پێ بووە؛ کە گالیسکەکەیان تەقاندەوە و ئەویشی تێدا بوو؛ بەڵام هیچی لێ نەهات! دەڵێن لەسەر بزن تاقیان کردووەتەوە؛ کردوویانەتە ملی بزن و چەندێک فیشەکیان پێوە ناوە؛ هیچی لێ نەهاتووە!

## بەشی سیانزەیەم:

جنگر؛ جنەگر؛ جنگیر: ئەو کەسەی جن لە لەشی مرۆڤ دەردەکات.

کولەفیتنە؛ کولەبنە باوەعەمرە؛ لە چیرۆکەکاندا بە کەسێکی کورتەباڵای شوم و شەڕەنگێز و فیتنەئەنگێز دەوترێت.

باوەعەمرە بە شتی بێگیانی سەر بەفەتارەتدەریش وتراوە؛ بۆ نموونە توونی بابا (توونی باوەعەمرە) کە لە دەربەندیخانە و سەری زۆر کەسی خواردووە؛ ناوەکەی لەمەوە هاتووە! خۆی باوەعەمرە/بابەعەمرە بە کەسێکی کورتەباڵای زۆرزان و فێڵباز

دەوترێت. بە تایبەت ئەم وشەیە بە منداڵ دەوترێت کە بستەباڵا و زۆرزان و ئۆینباز بێت و عەقڵی پێش باڵا و بوونیەتی کەوتبێت.

هەروەها (باوەقۆرەت؛ باوەقۆرت)یشی پێ دەوترێت. کە پێک هاتووە لە وشەی باوە/باوا/بابە قۆرەت/قۆرت: کورت واتە کەسێک بە دیمەن منداڵە و بە ساڵ گەورەیە وشەی بابە پێ دەچێت لە (بابا)وە هاتبێت کە مانای (کابرا؛ فلان) دەدات.

چونکە هەر تونی بابا؛ پێشی دەوترێت (بابای عەیار).

هۆڤ: بوونەوەری سەیر و سامناک؛ دڕندە.

وشەی عیفریت؛ هەم بە واتای زەبەلاح دێت؛ هەمیش بە واتای جنۆکە خۆی لە بنەمادا مەبەست لە (جنۆکەی بەزیبک و زەبەلاح) بووە؛ چونکە جۆری ئیفلیت لەناو جنەکاندا لە هەموویان گەورەتر و زەبەلاحترن.

وشەکە بەم شێوانەی تریش لە زمانەکەماندا هەیە: (ئیفلیت؛ ئیفنیت؛ ئیڤنی؛ ئیڤنیک؛ ئیڤنیک؛ ئیڤنویتە) وشەی عیفریت لە زمانی کوردییەوە چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

ماری حەوت سەر: مارێکی ئەفسانەییە؛ گوایە حەوت سەری هەیە (دەک مارێکی حەوت سەر پێوەت بدات.)

گرتۆڵە: سامناک؛ ترسناک.

ملۆزم: خێو و جنی ترسناک و زیاندەر و ترسێنەر.

نەتڵ(ترسێنەر) نەتل یان نەتەڵ لە وشەی (گورنەتەڵە)شدا هەیە کە پێشتر باسم کردووە.

نەتڵ مانای تریشی هەیە؛ وەک نەتڵ: غەرق؛ نوقم نەتڵ: نەخش؛ نیگار

## بەشی چواردەیەم:

تەلیسم شکاندن: بەتاڵکردنەوەی تەلیسم؛ هەر نووسین و کارێکە کە بگیرێتەبەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەلیسم و جادوویەک. لە چیرۆکەکاندا؛ بە چەندەها جۆر هاتووە بۆ نموونە دێوی جادووکار کۆمەڵێک مرۆڤی کردووە بە مەڕ تا بە نۆرە بیانخوات مەڕەکان بە پاڵەوان دەڵێن دێوەکە بکوژە خوێنەکەیمان بەسەردا بکە دەبینەوە بە مرۆڤ.

ئیجازەی مار و دوپشک: مۆڵەت یان پارێزێکە؛ شێخەکان دەیکەن، گوایە هەرکەس بۆی بکرێت؛ مار و دووپشک پێوەی نادات.
ماری بێ ئیجازە: هەندێک مار مل بۆ ئیجازە نادەن و ئیجازە و میجازە نازانن، جاران شێخەکان بە پارە ئیجازەکەیان دەکرد؛ دەیانوت ئیتر هیچ مار و دووپشکێک پێوەت نادات تەنیا ئەوانە نەبێت کە ئیجازەیان نییە و جنن! ئیتر هەرچییەک پێوەی بدایە دەوترا ئەوە لە بێ ئیجازەکەیە! شێخ و جادووبازان؛ ئەم فێڵ و گزییەیان بۆ خۆپەڕاندنەوەیان بە کار هێناوە.
نموونەی تر؛ دەچوونە لای؛ نووشتەی بۆ دەکردن؛ دەیوت نووشتەکە سەر دەگرێت بەڵام تەنیا نابێت بە هیچ جۆرێک وشەی (مەیموون) بە بیر و هۆشتاندا بێت! ئیتر ئەمە بەس بوو؛ کە کەسەکە هەموو بیر و خەیاڵی لای مەیموون بێت و لەسەرنەگرتنی نووشتەکەدا؛ تەنیا خۆی بە خەتابار بزانێت!

درەخت: تێروو؛ دەعبا و گیانداری دڕندە و دڕ و زیاندەر.
پیاوخۆر: یەکێک لە ماناکانی (مرۆڤخۆر)ە وشەی پیاو لەوێدا مانای خۆی لە دەست داوە و مانای مرۆڤ دەدات.
وەک وشەی پیاوکوژ کە بەرانبەرە بە مرۆڤکوژ؛ هەر وشەی (مرۆڤ)یش خۆی لەپێشدا مانای (نێر؛ مێر)ی هەبوو؛ بەڵام ئەمڕۆ ماناکەی بەرانبەر ئادەمیزادە پیاوخۆر بە گیانەوەری ترسناکیش دەوترێت.
ئەرنەبووت؛ ئەرنەئووت؛ مەڕنەمووک؛ مەڕنەمووکە؛ مەڕنەبووکە: مرۆڤی دزێو و ناقۆڵا و ناشیرین و هۆڤیی ناوی مەڕنەبووکە؛ مەڕنەمووکە؛ هەڵگەڕاوەی (من ربک)ەیە؛ واتە (خودات کێیە؟) کە وتراوە یەکەم پرسیاری دوو مەلائیکەی ناحەز و ناشیرین و ترسێنەرن کە لە گۆڕدا لە مردووی دەپرسن.
قانع وتوویە:

ئەگەر مەڕنەمووک؛ بێتە سەرینم
بە زمانی عەرەب بکا تەڵقینم
ئەنەوم لە دار زۆر بە ئاسانی
لیسێ لە ڕانی؛ چوار لە ناوشانی

هەژار موکریانیش وتوویە:

تۆش وەک مردووی تر؛ وەک هامفەردانت
دوو پەری خودا دێنە سەردانت
دووی ددان زەردی سووری چاوشین
بە گورز و مەتاڵ؛ بە تەوەرزین
تۆزێ مڕومۆچ؛ ڕووتاڵ و تفتن
بەڵام وەک دەڵێن؛ بە گفت و لفتن
هەزار جار بڵێن کوا(مەڕنەمووکە)
بێدەنگ؛ قڕوقپ لێت نەیە جووکە

## بەشی پانزەیەم:

دەی؛ دەیدام: مرۆڤی لۆزەند (لۆزەندەر؛ لۆژەند) و زەبەلاح و تەژەند و فیتەر(فیلەتەن) پێم وشەی لۆژەند؛ لە وشەی (لوژ)ەوە هاتووە بە مانای درێژ لۆژان: درێژبوون (بە مانای ڕاکشان بە کار چووە.

درنج: مانای ڕەشایی دەدات؛ ڕەشایی و تارماییش بە مانای شەبەح و خێو بە کار هاتوون.

(دێوودرنج) وشەی درنج لەگەڵ دۆرنج هەمان شتە کە بە ڕەشایی دیوار و بنمیچ دەوترێت کە بە هۆی دوکەڵەوە درووست بووە.

کە پێشی دەوترێت (تەنی).

ناوی ناڕاستەوخۆ: لە واری کورد؛ ئەو بڕوایە هەبوو؛ کە بوونەوەری ترسناک؛ ناوهێنانیان وا دەکات بەرجەستە ببن و ئامادەگییان هەبێت.

وەک وتوویانە: (ناوی گورگیان هێنا؛ گورگ پەیدا بووا! (بۆیە هەوڵیان داوە بە ناوێکی لاوەکیی و ناڕاستەوخۆ ناویان بهێنن و ناوەکەی خۆیان نەهێنن بۆیە لە جێی ئەوەی بڵێن گورگ؛ وتوویانە شینە؛ شینۆ لە جێی ئەوەی بڵێن جنۆکە؛ وتوویانە ئەوانگەل؛ ئەوانەیل؛ لەمەچێتر، لە جێی ئەوەی بڵێن مار؛ وتوویانە گوریس لە وتارێکدا بە سەرنێوی (ترسی ناو) کەمێک زیاتر لێی دواوم.

شاماران: شاهماران؛ شامار؛ بووکا ماران: دەمەوێت ئەم زنجیرەیە لێرەدا ڕابگرم؛ بۆیە وەک کۆتاییەک ئاماژە بەم ناوە بدەم کە لە هەر پانزە بەشەکەی ئەم زنجیرە وتارەدا؛ وێنەی شامارانم داناوە. پێویست بە هەڵدانی شێوە و بیچمی ناکات. چونکە وێنەکەتان لێرا دیارە! بەڵام ئەوەی حەز دەکەم بیڵێم ئەوەیە؛ من گومانم بۆ ئەوە دەچێت کە شاماران؛ شاژنێک بووە لە یەکێک لە سەردەمەکاندا؛ دەسەڵاتدار و خاوەن تەخت و جێ بووە. وتوویانە بەشێک لە ئەفسانەکان لە ڕاستییەوە هاتوون

ئەوەی من بیزانم؛ فەرمانڕەواکانی کورد؛ جلوبەرگ و سیمایان بە مار دەنەخشاند؛ بۆ نموونە؛ خاوەنشکۆ (ئاژیدەهاک)؛ دوو ماری دروستکراوی لەسەر شان بوو (ئەمە خووی فەرمانڕەواکانی میسریش بووە).

دواتر ئەم سیمایەی ئاژیدەهاک کرا بە ئەفسانە! وتیان دوو ماری ڕاستەقینە لەسەر شانیەوە دەرچوون و هەموو ڕۆژێک مێشکی خەڵکی دەرخوارد داون، بۆیە ڕاستیان وتووە؛ بەشێک لە ئەفسانەکان لە ڕاستییەوە هاتوون!

دوو مار لەسەر شانی ئاژیدەهاک هەبوون؛ بەڵام پیاوخۆر نەبوون! لە کۆندا (مار)؛ لە کوردەواردا؛ مار بە گیانداریکی پیرۆز دانراوە؛ نا لە کوشتنی مار کراوە؛ هەتا ئەمڕۆکە پاشماوەی ئەو باوەڕەمان لەلا ماوەتەوە.

بۆ نموونە دینی ئیسلام دەڵێت: مار لە کەعبەشدا بوو؛ دەتوانیت بیکوژیت. ئێمە دەڵێین: (مار دەمی لە ئاودا بوو مەیکوژە) (مار تا ئازاری نەدەیت؛ ئازارت نادات) هەروەها فەرمانڕەوایانی کورد؛ ماریان کردووەتە هێمای خۆیان و چوێنەری دەسەڵاتەکەیان! بە گشتیش گیاندارە سامدار و ترسناک و بەزەبر و کوشندەکان؛ بۆ ناولێنان و نیشانەی ئازایەتیی و ترسێنەریی بە کار چووە.

نموونەی تر (ئارش مانای ورچ دەدات؛ پاشامان هەیە بەو ناوەوە. یان شێر، شێرکۆ؛ شێردڵ؛ شێرزاد) ئاژیدەهاک جگە لەوەی لەسەر جلەکانی مار نەخشێنرابوو؛ خودی ناوەکەشی مانای مار دەدات و ناوی (ئەژدیها) و (ئاژیدەهاک) گۆڕاوی یەکترن و ماناکەی ماری گەورە و زەبەلاحە.

بۆیە وەها گومان دەبەم لە ڕابردوودا شاژنێک هەڵکەوتووە؛ کە هەم ناوەکەی هەڵگری ناوی مار بووە؛ ئەم لە سەروسیما و جلوبەرگیدا مار نیشان دراوە و بە تێپەڕینی ڕۆژگەل (ڕۆژگار)؛ کراوە بە ئەفسانە! هەتا ئەمڕۆکەش؛ ناوی (شامار) بۆ ناوزەدی پیاو و (شاماران) بۆ ناوزەدی ئافرەت هەیە.

## بەشی شانزەیەم:

ماری قەهقەهە: ماری قاقا؛ مارێکە کە هەمیشە دەم بە پێکەنین و قاقایە! ئەم مارە بووەتە هۆی لەناوبردنی شارێک و خەڵکەکەی.

پێم وایە ئەم ناوی ماری قەهقەهەیە لە ئەفسانەی (ئاژیدەهاک)ی زۆردارەوە سەری هەڵداوە.

ئەگەر بزانن؛ ئاژیدەهاک مانای ئەژدیها: ماری زەبەلاح دەدات. عەرەبەکان ناوەکەیان کردووە بە (ضحاک) واتە دەم بە پێکەنین!

پیرەمێرد دەڵێت:

تەڕپیر و قەهقەهە:

لێم بوون بە ماری قەهقەهە–ل٣٦ کەمانچەژەن

واتە پیرێژنی تەڕپیر و قاقا لێدانەکەی؛ لێم بوون بە ماری قەهقەهە.

جابلیق: کەسێک کە ڕاڤەی خەو دەکات و خەو لێکدەداتەوە.

گورگی مانجۆ؛ گورێ مانجۆ: مرۆڤی بە گورگ بوو؛ بە عەرەبیی (مستذئب) بە ئینگلیزیی (werewolf) هەروەها (گورگینە)شی پێ دەوترێت.

گورگسار: شێوە گورگ؛ ڕوخسار گورگ؛ چارە گورگ.

سەگسار: شێوە سەگ؛ ڕوخسار سەگ؛ چارە سەگ.

چیای مانجۆ/مانجەل: وەکو کێوی قاف؛ شوێنی دڕندە و دێو و درنج و گیانداری سەیر و نامۆیە.

سیمیا: زانستی میتافیزیک و سەرووسرووشت؛ واتە ئەو زانستەی پێوەندیی بە ڕۆح و جادوو و ئەو شتانەوە هەیە.

وەکوو ناوی دووانیی (کیمیا و سیمیا) ناوی دەهێنرێت.

کیمیا: زانستی ماددەکانە.

سیمیا: زانستی نامادییە.

قەراتە؛ ڕەشپەش؛ قەرەنتوو: تارمایی؛ شەبەح.

گرتۆڵە: ترسناک.

هۆڤ: کێویی؛ دڕندە.

پیاوتۆقێن: ترسناک
زلحۆ: تەژەی گەلحۆ.

بـازپەڕێن: بازهەڵـدان؛ گـوایە لە کۆنـدا لە ڕێـگەی هەڵـدانی (بـاز)ەوە پاشـای خۆیـان هەڵبژاردووە، پاش مردنی پاشـای سـەروەخت و سـەرتەخت خەڵک کۆ دەبوونەوە و بازیان هەڵدەدا؛ بازەکە لەسەر هەر کەسێک بنیشتایەتەوە دەیانوت ویستی خودا وایە کە ئەو پاشا بێت؛ دەیانخستە سەر ئەورەنگ (کورسیی دەسەڵات).

**بەشی حەڤدەیەم:**

مـاگرتە: ئەگەر ژنـی دووگیـان لە مـانگگیران و خۆرگیرانـد دەسـت بخـاتە سـەر زگـی؛ شوێنی دەست لەسەردانانەکە لەسەر لەشی منداڵەکە دەبێتە پەڵە.
داری واقواق: درەختێکە؛ بەروبوومەکەی لە شێوەی ئافرەتە.
لە دوورگەیەکیشـدا کە ئافرەتـان فەرمـانڕەوایی تێـدا دەکەن؛ پێـی دەوترێـت دورگەی واق واق، دەوترێـت؛ بە ڕاسـتیی لە تایلانـد ڕووەکێـک هەیە بەرەکەی لەسـەر شـێوەی ئافرەتە و ناوی ڕووەکەکە(nareepol)ە واتە: درەختی ئافرەت! یان(naarilatha).

ئامێرد: دێوەزمە؛ خێوەزمە مەردەزما: مێردەزمە وەک پێشتر ئامـاژەم پێ داوە؛ مێردە زمە؛ بە بەردی تاقیکردنەوەی هێزی پیاوان (بەردە عازەبان)یش وتراوە.
ئەمەش هەندێک ڕوونکردنەوە: مێردەزمە: جوان ئازمـا؛ مەرد ئازمـا؛ مێردئازمـا لـوڕی مورتەزمە وشەی زمە؛ دەگەڕێتەوە بۆ (زمـین؛ زمـوون-ئەزمـوون): تـاقیکردنەوە زمە- ئەزمە واتە وەک وشەی چێوەزمە وایە.
چێوەزمە: داری دەستی نابینا کە بە ئەرزدا دەیگێڕێت و ڕێگەی پێ تـاقی دەکاتەوە؛ بە کردارەکە دەوترێت (چێوەتەقی).
تاپۆ: تارمایی تاباز: زەبەلاح؛ زۆر گەورە.
گوڵخەندان: ئافرەتێکە بە هەر جێیەکدا بڕوات و پێ لە هەر شـوێنێک دابنێت؛ ئەو جێیە دەبێتە گـوڵ و گـوڵزار؛ هەر ئەمە نـا؛ ئەو گـوڵەی لە شـوێنپێی گوڵخەنـدان دەڕوێـت؛ چارەسەری گشت نەخۆشییەک دەکات!
نونەل: باوە عەمرە؛ کورتەباڵای زۆرزان؛ پەنجەباڵا؛ بستەباڵا.

ماری حەوت سەر: مارێکی زەبەلاحی ئەفسانەییە؛ حەوت سەری هەیە.
پەڕی سیمرغ: باڵندەی سیمرغ پەڕی خۆی بداتە هەر کەس؛ بە سووتاندنی پەڕەکە؛ دەستبەجێ سیمرغ لەو شوێنەدا پەیدا دەبێت! کەسێکی ناحەز؛ ئەگەر لووت و بزووت لە جێیەکدا پەیدا بێت؛ پێی دەڵێن: (دەڵێی پەڕیان سووتاندووە).
ڕەشی مشی: ڕەشی موشی؛ شتێکی خەیاڵییە وەک وشەی شاڵان و داڵان و نەسرینەسووتاو؛ شەولەبان منداڵیان پێ ترساندووە.

## بەشی هەژدەیەم:

خوودار: کەسێک جن و خێو چووبێتە گیانییەوە و شێتی کردبێت.
بەودم؛ بەوم: کەسێک دەم و نفوسی هەیە و خەڵکی تر چاک دەکاتەوە
ودم لە بنەڕەتدا مانای (سوود) دەدات. دوایە مانای (تەبەرووک؛ پیرۆزیی) بۆ درووست بووە.
بەم شێوانەش هەیە؛ ورم؛ هورم؛ ئورم؛ ورمێ؛ ئورمێ پێچەوانەکەی بریتییە لە بێودم؛ بێورم؛ بێئورم: بێسوود ئەمیش لە بنەڕەتدا لە وشەی (ورهەم؛ وەرهەم؛ بەرهەم؛ بەهرەم؛ بەهرە.)وە هاتووە.
بەودم لای ئێمە مانای شووم؛ نەگریس دەدات.
کە یەکێکە لە شێوەکانی ئەم کۆمەڵە وشەیە: (بەهوم؛ بەوم؛ بەدودم؛ بەدشووم)
فوتو: نەزر؛ لە ئەستۆگرتنی کردنی کارێک و بەجێهێنانی بەڵێنێک.
نەڕگەور: نەڕەگەور؛ گازگەور؛ سەرنگ؛ سەنگ؛ سرنجک: مۆتە؛ مۆتەکە.

تامار: شەبەح؛ تارمایی پێم وایە تامار؛ هەڵگەڕاوەی وشەی تارماییە.
داربلە: ناوی کۆنی شاری (ئەخلات)ی باکووری کوردستانە. وتراوە شوێنی لێژیانی خەڵکێکی بالا بڵند و زەلامی زەبەلاح بووە.
دەڵێن ناوەکەشی بە مانای ناوی زەبەلاح و بەرزەبالاکان دێت.
من ئاوهای تێدەگەم (دار: دیار) (بلە: بالا؛ بڵند)
بەلان: کەتە؛ زل؛ زەبەلاح؛ تەژە وشەکە لە بنەڕەتدا هەمان وشەی (بڵند)ە.
خەویاد: بینینی دیمەنێک کە وا هەست دەکەیت ئەو دیمەنەت پێشتر بینیوە و دەقاودەق و بە هەموو وردەکارییەکیەوە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەو ڕووداو و دیمەنەت لە

خەودا بینیوە. بە ئینگلیزیی پێی دەوترێت (permonition)بە فەڕەنسیی پێی دەڵێن (déjà vu) (دێژا ڤوو).
ئاسووار: ڕۆحانیی؛ کەسی پاک و بێگەرد و مەزن و پیاوچاک.
لەعنەتنامە: نووشتەیەک کە دوعای شەڕەنگێزیی و شوومیی و نەفرەت لێکردن و بە لەعنەتکردنی تێدا بێت.
قووتی ژیان: خواردنێکە ئەگەر یەک لوقمەی لێ بخۆیت لە هەموو ژیانتدا برسییت نابێت. لە هەندێک چیرۆکدا؛ پاڵەوان دەکەوێتە چاڵێکەوە؛ ئەژدیهایەک لوقمەیەک لەم خواردنە دەرئاسایەی دەداتێ.
بەئۆک: ناشیرین؛ ناقۆلا؛ سامدار.

## بەشی نۆزدەیەم:

بژارە: بریتییە لە ئیستیخارەکردن بە قسە و ڕاوێژ و ئامۆژگاریی خەڵکەوە ئەمە پێشی دەوترا شەماڵە، بۆ نموونە نەخۆشێکت هەیە و نازانیت چی بخوات باشە؛ یان کچێکت دەدەی بە شوو دوو داواکاریی هاتووە و نازانیت بیدەیت بە کامیان یان نیازی کردنی کارێکت هەیە نازانیت باش دەبێت بۆت یان نا یان هەواڵی کەسێکی دوورت بزانیت؛ کە ئایا دۆخی باشە یان نا دەچیت یەکەم کەس کە لە مزگەوت دێتە دەرەوە بە کورتیی پرسیاری لێ دەکەیت یان چاوەڕێ دەکەیت یەکەم کەس کە بێت بۆ گوندەکە یان ئەو ڕێگایە، پرسیاری لێ دەکەیت بۆ خواردنی نەخۆش کە چی چاکە بۆی؛ پرسیار لە پیاوی دووژنە دەکرا؛ یان بە شەوان گوێ هەڵدەخرا بۆ قسەی خەڵک بە گوێرەی قسەی خەڵکەکە بەختی خۆیان دەگرتەوە و لێکیان دەدایەوە کە باش دێنێت یان خراپ لە هەندێک شوێنی تر؛ پێی دەوترێت شەمۆلە و شەمێلە وشەی شەماڵە/شەمەڵە/شەمووڵە/شەمۆلە لە ناوی ڕۆژی (شەمە)وەهاتووە. چونکە بەتایبەت لەو ڕۆژەدا ئەو ئیستیخارەیە دەکرا.

سهرەبەند: ساحیر (الهدیة الحمیدیة) ئەستێرەی بەخت؛ ئەستێرەی کوژایەوە: گوایە هەموو مرۆڤێک لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی؛ لەگەڵ مردنیدا ئەستێرەکەش دەکوژێتەوە؛ هەموو بەخت و چارەنووسی مرۆڤەکەش سوور و گەردان و شەوق و پرشنگی ئەو ئەستێرەیە دیاریی دەکات.

ئەستێرەناس: حسابگەر؛ نەجومگەر؛ کەسێک لە ڕێی ئەستێرەکانەوە بەخت بخوێنێتەوە؛ یان بە پێی ئەستێرەکان حسابی وەرزەکانی ساڵ و کەشوهەوا بکات و پێشبینییان بکات.
دۆلاب: ئایین و ئۆیین؛ مەکر و حیلە و فڕوفێڵی ژنان.
خورپە: ئاگاییەکە بە دڵدا دێت؛ وەک دەڵێن دڵم باش ناڵێت؛ هات بە دڵمدا؛ دڵم لێی داوە گوایە مرۆڤ هەستی شەشەمی هەیە کە ئاگاییەکی دەرئاسایە و دەر لە پێنج هەستەکەی ترە. ڕێگە و جێگەی ئەم ئاگایی و هەستەش دڵە! هەستی شەشەم بە ئینگلیزیی (sixth sense) لەلای هەندێک نەتەوە هەمان (چاوی سێیەم)ە.
بەندە پێم وایە وشەی (خەبەر)ی عەرەبیی لەم وشەی (خورپە)یەی ئێمەوە هاتووە خورپە یان خرپە مانای دەنگە وەک کرتە؛ سرتە؛ خرتە.
بە شێوەی گشتییش؛ لەو وشە دەنگییانەدا؛ دەنگی (ر) بنجیی نییە و زیادەیە: نکە؛ نقە–نرکە چپە–چرپە وتە–ورتە چکە–چرکە دڵم خورپەی پێدا هات: دڵم خەبەری دا.
پێڕەش: قەدەم ڕەش؛ قاپ ڕەش؛ کوچکڕەش؛ پاوشک؛ پێقورس.

## بەشی بیستەم:

جواناو: ئارەقەی سەرەمەرگ؛ گوایە مرۆڤ لە کاتی ئاویلکەداندا ئارەقەیەک دەردەدات؛ بەو ئارەقەیە دەوترێت جواناو؛ درووستتر بڵێین جواناو ئارەقەی سەرەمەرگی جەوان و لاوانە. لە کۆنی کوردەواردا ڕۆح بە (ئاو) یان درووستتر بڵێین بە (دڵۆپێکی ئاو) دانراوە؛ کە ئەو دڵۆپە هاتە دەرەوە؛ ئیدی لاشەیەکی بێ ڕۆح دەمێنێتەوە؛ دەرچوونی ڕۆحیش؛ بەپێی ئەفسانەی کوردەواریی؛ لە خوارەوەی جەستەوە هەڵدەکشێت و لە بەشی سەرەوەی مرۆڤ دێتە دەرەوە. بۆیە دەوترێت: (ڕۆحی هاتە سەر کونە لووتی) هەر لە وشە کوردییەکانەوە؛ بەڵگەتان پێ دەدەم؛ کە لە زمانی کوردییدا؛ (ڕۆح) وەک (ئاو) ئەژمار کراوە: جواناو ڕشتن: دەرچوونی ئاو(ڕۆح)ی کەسێکی جەوان و لاو.
ئاوزینگ: ئاوەزینگ؛ ئاوەزەنگیی؛ سەرەمەرگ ئاو+ زینگ=زیندە؛ زیندوو ئاوزینگ دان: ئاوی زیندە لە دەست دان.
ئاویلکە: ئاوێکی کەم ئاویلکە دان: دەرچوونی ئاو (ڕۆح) لە لەش (ئاو لە سەری دەرچوو) واتە مرد.

چارەنۆڕ: بەختگرەوە؛ کەسێک پێشبینیی چارەنووسی خەڵک دەکات و لە چارەیان دەنۆڕێت (دەڕوانێت) خۆی چارە بە مانای ڕوخسار؛ دەموچاو دێت بە گشتیی بەڵام بە تایبەتیش بە ناوچەوان؛ ئەنیەش وتراوە.

گوایە هەرکەسێک بەخت و چانسی لەسەر تەوێڵ و ناوچەوانی نوسراوە، لەم تێڕوانینەوەیە کە ئەم وشانە و دەستەواژە و گوزارانەمان هەیە: ناوچاوانەکەم نایهێنێت. چی لە ناوچاوانەکەت نووسرابێت هەر ئەوەیە. ناوچاونم ڕەشە. بێچارە، سیاچارە چارەڕەش، بێناوچاوان، ناوچاوان وشک، ناوچاوان ڕەش، ناوچەوان قۆقز، ناوچەوان قەشقە، بەخت و ناوچاوان. وشەی تر زۆرە؛ بەشی گەیاندنی پەیامەکە؛ هێندە بەسە بێ لەمە دەوترێت خەسڵەت و ئاکاری مرۆڤ لە ناوچاوانییدا دیارە؛ واتە ڕوخساری مرۆڤەکان وەک ئاوێنەی ڕەوشت و خوو و پێناسەی کەسێتییان وایە و وتراوە مرۆڤ و باش و خراپ دەتوانیت بە ڕوخسار و ناوچاوانیدا بناسیتەوە و ئەو کەسانەش کە توانای ناسینەوەی ڕوخساری خەڵکیان هەیە؛ پێیان دەوترێت ڕووناس

کۆمەڵێک وشەی وەک: ناوچاوان نوورانیی و ناوچاوان دیز و... هەر لەم جوغزە دەسووڕێتەوە. گوایە کەسێک کە دیز و بەدفەڕ بێت لە ناوچاوانی نووسراوە و هەر وا بە بەدفەڕیی دەیهێنێت!

سیمر؛ سیمرغ چووەتە لای ڕووسەکان و بووە بە سیمرگل گۆڕانیشی بەسەردا هاتووە. کە بووە بە سەگێکی باڵدار! کە بە ناوەکەیدا بێت هەر ئەمە درووستەکەیەتی

سی: یە؛ سەگ

مر: باڵندە سەگی باڵدار

## بەشی بیست و یەکەم:

نەسناس: هەر بوونەوەرێک؛ شێوەیەکی مرۆڤی تێدا بێت و تاڕادەیەک بچێتەوە سەر مرۆڤ.

بۆ نموونە بوونەوەرێک کە سەری گورگ بێت و لاشەی مرۆڤ بێت؛ نەسناسە؛ پەریی دەریا نەسناسە؛ مرۆڤی یەک چاو؛ نەسناسە؛ بوونەوەرێک سەری مرۆڤ و لاشەی ئاژەڵ بێت؛ وەک شاماران ئەویش نەسناسە. تەنانەت نەسناس بەو جۆرە مەیموونانە وتراوە کە کلکیان نییە و شێوەیان لە مرۆڤ دەچێت.

یازاتا: یەزدانیی؛ لە ئایینی زەردەشتییدا بە فریشتە وتراوە.
هوما: سوما؛ لە ئایینی زەردەشتییدا؛ ئەو گا پیرۆزە بوو کە ئاهورامەزدا درووستی کرد؛ لەلایەن ئەهریمەنەوە کوژرا و لە خوێنەکەی دوو مرۆڤی نێر و مێ درووست بوو؛ بە ناوەکانی (مشیاک؛ مشیانک) کە لە دینەکانی تردا ئادەم و حەوا دەکات هەروەها ناوی ڕووەکێکی پیرۆزە کە گیراوەیەکی شیفابەخشیان لێ درووست کردووە.
لە بۆنەی نەورۆزدا زەردەشتییەکان شەرابێکیان دەخواردەوە؛ بە ناوی هوماوە؛ کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوی گیراوەی هوما. لە ئاینی هیندۆسیشدا هەمان گیراوەی پیرۆز؛ بە هەمان ناوەوە هەیە.
لافاوی نوح؛ لای سۆمەرییەکان بەم جۆرە هەیە. لافاوێک هەموو دنیای گرتووەتەوە. (زیوسودرا) بە هۆی درووستکردنی کەشتییەکەوە؛ ڕەگەزی مرۆڤی لەسەر زەوی لە لەناوچوون پاراست؛ کە لایەن خودا (ئینکیی) نیگای بۆ کرابوو؛ تا کەشتییەک، درووست بکات. لە پاداشتی ئەوەدا خودا تەمەنێکی زۆری پێ داوە و ناوی زیوسودرا واتە ئەو کەسەی تەمەنی زۆری پێ دراوە!
مووروووە دەنگەوەرە واتە مووروووی دەنگدار؛ بە مووروووە دەنگیلەش ناوی هاتووە: مووروویەکی ئەفسانەییە کە قسە دەکات! جاران مووروو وەکوو نوشتە بۆ شتی جیا جیا بە خۆوە دەکران بۆ نموونە بۆ لەرز بۆ باداریی بۆ پەڕاندنی زەردوویی.
ئەم ناوانەی خوارەوە لەو پێڕەن:
مووروووە تا: بە خۆوە دەکرا بۆ نەمانی تا.
مووروووە لەرزە: خۆوە دەکرا بۆ نەمانی لەرز.
مووروووە با: خۆوە دەکرا بۆ نەهێشتنی باداریی.
کوژەکە: لەپکە شینە؛ موورگە کەوەڵە؛ مووروووی چاوەزارە.
شوە؛ مووروووی شەوە؛ ژنی زەیستان لە ملی دەکات تا شەوە؛ هاڵە زەفەر بە خۆی و منداڵەکەی نەهێنێت.
مووروووەکەرانە: جۆرێک مووروووی دەنک گەورە بووە؛ بە پێشی کورتان درووویانە بۆ جوانیی و چاوەزار.

واتە مووروو لە ئەفسانەی کوردییدا هەیە و پێوەندیی بە خەیاڵات و جادوو و باوەڕی پڕوپووچەوە هەیە، تەنانەت مووروو جادووی پێ کراوە و ئەو کەسەش کە جادووی بە مووروو کردووە.

پێی وتراوە موورووباز/مۆرەباز هەر لەمەشەوە؛ وشەی مۆرەباز بە مانای ساختەچی و فێڵباز و کەڵەکچی هاتووە.

موورووی لە ددانی مار یان جگی گورگ؛ ڕەزات شیرین دەکات جۆرێک مووروووش هەبووە؛ مارانگەستە بە خۆیان دەکرد؛ بۆ شکانی ژانی پێوەدان (موورگ مار) کلکی ڕێوی هەڵگریت؛ بەختت بۆ دێنێت.

پای زەهر؛ پاد زەهر: بەردێکی سەوزە؛ ڕێ ڕێی تاریک یان ڕەشی تێدایە. گوایە دژ بە ژەهر سوودی لێ وەردەگیرێت.

## بەشی بیست و دووەم:

دوکەڵۆکە: ئەو پیاوە کوڵ و گردەیە کە لە دوکەڵی قەنەی جادووییەوە دێتە دەرەوە بۆ خزمەتکردنت داڕووزیندە: دەرمانێکە بیکەیت بەسەر مردوو و کوژراودا زیندوو دەبێتەوە! ل ١٥

داڕوو: دەرمان

زیندە: زیندوو

دێگونەچارێ: کچی ئەو ئافرەتە جادووکەر و بەدکارەیە کە لە پای ستەمکردن لە دەنکە هەنارە؛ دوو گون و کێرێک لە ڕووخساری دەردێت. ناوی دێگونەچارە بە دێگونەچارە و دوگنەچارەش هاتووە. دوگنەچارە واتە دوو گون لە چارە (ڕوخساری) هاتووە ئەمەش لەوەوە هاتووە؛ کچی باوەژنەکە دوو دوومەڵ لە دەموچاوی هاتووە (بەپێی هەندێک لە گێڕانەوەکان)؛ دومەڵەکان گەورە بوون و ڕوخساری ناشرین کردووە. دومەڵەکانیان بە (گون) چواندووە.

سەرنجی ئەوەم داوە؛ وشەی دوو؛ کە ناوی ژمارەیە؛ گۆڕاوە بۆ (دێ) واتە دەتوانین بڵێین دێ: مەلا غەفووری دەباغیی فەرموویە:

هەر کە هاتە ڕوو دێگونەچارە

خرا پشت کەندوو دەنکە هەنارە

پیرەمێردیش فەرموویە:
بە جوانیی سووتا؛ دەنکە هەنارێ
بەخت ڕووی کردە دێگونەچارێ

لە بەشێک لە چیرۆکەکانی دەنکە هەنارەدا (گێڕانەوەکانی زۆرن) زڕدایکی دەنکە هەنارە؛ دەنکە هەنارەی لەناو کەندوویەک شاردووەتەوە و کچەکەی خۆی واتە دێگونەچارەی کردووە بە بووک بۆ شازادە (لە وتارێکدا باسی دەنکە هەنارە و دێگونەچارەم کردووە).
نیر؛ ئانیر: نیرەنگ؛ جادوو؛ فێڵ و تەڵەکە.
دێوەجنە: ڕەزاگران.
ناقۆڵا؛ دزێو؛ بۆ هەموو شتێکی ڕەزا گران بە کار دەهێنرێت.
بە نموونە پایزێکی دێوەجنەیە: واتە پایزێکی تووش و چارەگرانە.
بابە نەورۆز: گوایە پیرەمێردێکی نورانییە؛ لە کۆتایی زستاندا دەگات بە دیداری نەنە سەرما و گۆڕینەوەی کەشی دنیا دەکەن لە سەرماوە بۆ گەرما، کۆتاییەکانی زستان بە سەرمای پیرێژن ناو براوە، کە گوایە لە پایانی زستاندا، پیرێژن بە کوڵکۆ دەگری و داخی خۆی دەڕێژێت و ئەوپەڕیی ساردوسەرمای خۆی نیشان دەدات. بە کورتییەکەی زستان لەژێر جڵەوی پیرێژنێکدایە بە ناوی نەنە سەرما.
بەهاریش لە جڵەوی پیرەمێردێکدایە بە ناوی بابە نەورۆز یان بابا نەورۆز
ئەم پیرەمێردە بە هاتنی؛ مژدەی خۆشیی و خۆشگوزەرانیی و شکانی تەشقی سەرما دەهێنێت بە داخەوە؛ بە هەڵە لەم دواییانەدا لای خۆمان؛ دەیانەوێت ناوێک دابتاشن کە (مام نەورۆز)ە هەروەها لای کوردانی ڕۆژئاواش خەریکن ناوی (بابا کاوە) دادەتاشن لە هەمبەری (بابانوئێل)دا
ئەمە لە کاتێکدا کە خۆمان؛ ناوی ئەفسانەیی (بابە نەورۆز)مان هەیە.
ئێستا فارسەکان لە خەوتوویی کوردەکان؛ خەریکن ئەو دوو ناوە دەکەن بە هینی خۆیان و بۆ خۆیانی دادەبڕن.
چەلومل: چلومل؛ چەلمەل؛ چەلومەل؛ دێو و دەعبای پاتاڵ و نابووت؛ بە چەلۆ (خەڵکی لاتولەوێڕ و لاتوپووت و خوێڕیی)ش دەوترێت.

زرڤان: خودای زێرەڤانی و سەرپەرشتیاری هەموو دنیا و خودای تاقانە و ئەزەلیی و سەرمەدیی لە ئایینی زەردەشتییدا کە درووستکردنی ئەم جیهانەی بە ئاهورامەزدا سپاردووە؛ تا ببێتە مەیدان و شانۆیەک بۆ چاکە و خراپە.

## بەشی بیست و سێیەم:

دێوی سپی؛ دێوی سوور؛ دێوی ڕەش: لە چیرۆکەکاندا بە زۆریی دێوەکان بەم سێ ڕەنگە نێویان هێنراوە. ڕیزبەندییشیان بە پێی هێز لە سپییەوە دەست پێ دەکات

واتە دێوی سپی: بەهێز دێوی سوور: بەهێزتر دێوی ڕەش: بەهێزترین هەندێک جاریش دێوی بۆر دەکەوێتە نێوان دێوی سپی و سوورەوە لە ڕیزبەندییدا.

دۆڵپا؛ دۆڵپای بەحری: بوونەوەرێکی دەریاییە؛ خۆی دەخاتە سەر شێوەی پیر و پەککەوتە و داماو و داوای هاوکاریی دەکات! هەرکەس لە کۆڵی بکات و بیەوێت بیپەڕێنێتەوە؛ ئاوقای دەبێت و خۆی لە کۆڵی توند دەکات و خۆی هەڵدەچەقێنێت لە گیانی و لە کۆڵی نابێتەوە. دەوترێت سەری لەسەر شێوەی مرۆڤە و لاق و پای باریکن و وەک پێیەکانی جلە (هەشتپێ) وان و دەتوانێت بە تەواویش خۆی بگۆڕێتە سەر شێوەی مرۆڤێکی پەککەوتە و داماو! وشەی دۆڵپا؛ بە شێوەکانی دەواڵپا؛ دیوەڵپاش هەیە لە زمانەکەماندا.

لێکدانەوەی وشەکە دوو بار هەڵدەگرێت: یەکەم: وشەی دەواڵ بە مانای شتی باریکی وەک ڕشتە و تاڵ و دەزوو دەدات.

دەواڵ: زوێڵ؛ زۆڵەک؛ دەزوو؛ دواڵ؛ دواڵە واتە دەواڵپا واتای لاق باریک دەدات.

دووەم: وشەی دەواڵ یان دێوەڵ بە مانای دەعبا و ڕمووزن و عەلامات و درنج و دێوئاسا دێت.

دەی بڕوانن هەر وشەی دەواڵ بەو بووکەڵە درووستکراوەش دەوترێت کە لەسەر شێوەی مرۆڤ سەر و دوو پەلی بۆ درووست دەکەن و جلی مرۆڤی لەبەر دەکەن.

ئەم ناوانەشی هەیە: داوەڵ: مامک؛ داهۆڵ؛ هەلامەت؛ هەرامەت؛ چەتەوڵ؛ چاتۆڵ؛ شەمووڵە؛ داوێڵ؛ داوەر؛ مەترسە؛ داربەلەک؛ داڵهۆ؛ داڵەهۆ؛ دالاهۆ؛ وەیوڵەباڵێ؛ وەوەباڵێ؛ ویولەباڵێ؛ داڵیت؛ داوڵ؛ داڵەواز؛ داڵەوازە؛ دالاش؛ ڕەنداور؛ داڵوو؛ هەیکەلۆک؛ وەیلەکان؛ ئەلەکان؛ ئەلک.

دەبینن دەواڵ: هەلامەت= لێبووکی باخ.

خراپ نییە جێی ئەم قسەیەش بکەمەوە. ئەو وشانەی بەم بووکەڵە دەوترێت.
لەگەڵ وشە هاوواتاکانی خێمە و ڕەشماڵ تێکەڵ کراون خێمە؛ دەوار: چاتۆڵ؛ داڵیت (داربەست) لیپۆکێ باخ: داوەر؛ چاتۆڵ؛ داڵیت).
(لۆپک: لیپۆک؛ لێبۆک؛ لێبووک) لە بنەمادا مانای بووکەڵە دەدات؛ بەڵام ئەمڕۆکە بە مانای: قەشمەر؛ گاڵتەباز؛ گاڵتەجاڕ دێت. واتە کەسێک کاری سێرک و سەیروسەمەرە و گاڵتە و جەفەنگ و پێکەنیناویی دەکات.
دوڕبایی: بەهادور؛ ئافرەتێکە؛ لە دەمیەوە دوڕ هەڵدەڕێژێت.
گوێ سێڵ: بوونەوەرێکە گوێیەکانی زۆر گەورە بە جۆرێک کاتی خەوتن؛ دانەیەکیان ڕادەخات و دانەیەکیشیان بەخۆدا دەدات.
هەر بۆیە ناویشی نراوە گوێ سێڵ؛ واتە گوێی وەکوو سێڵ (ساج) گەورەیە؛ ئەم گوێ سێڵە؛ گوێی لە بچووکترین سرت و خورت دەبێت.

**بەشی بیست و چوارەم:**

دەریالووش: بوونەوەر یان مرۆڤێکە دەتوانێت دەریایەک هەڵلووشێت و هەڵقوڕێنێت.
گرێی چیرۆک: دۆزینەوەی بەسەرهات و نهێنیی ڕووداوێکە کە بە کەس ئاشکرا نەکراوە و بووە بە گرێ لە مێشک و دڵی هەمووان‌دا. لە چیرۆکەکاندا زۆر جار؛ دەکرێتە داوایەکی قورس و وەک بیانووی کارێکی نەکردەنیی نیشان دەدرێت؛ یان دەکرێتە مەرجی ڕازیبوون.
بۆ نموونە پاشا داوا لە کوڕەکە دەکات چیرۆک و نهێنیی ئەو کابرایەی بۆ ئاشکرا بکات کە بەیانیی تا ئێوارە کۆپان درووست دەکات و ئێوارە هەڵیدەوەشێنێتەوە هەندێک جاریش وەک هەڵوەشێنەرەوەی تەلیسم خۆی دەنوێنێت.
بە نموونە؛ جادووگەرەکە بە تەلیسم گرێی بەختی کچەکە دەبەستێت و پێی دەڵێت؛ تەنیا بە ئاشکراکردنی چیرۆکی دێوەکان ئەو جادووە هەڵدەوەشێتەوە.
وەلیفەت؛ ودمانە: بە دیارییەکیش دەوترێت لە بەرانبەر شتێکی موفەڕک کە بە پارە نەکرابێت.
نامەی نهێنیی؛ پەیکی سپی: نامەیەکە بە شیری بزن دەنووسرا؛ تا نووسینەکانی دەرنەکەون. دوایە خۆڵەمێشیان پێدا دەکرد و دەیانخوێندەوە. یاخود بە ئاوی پیاز

لێیـان دەنووسـی و کە دەگەیشـتە جـێ؛ بە مـۆم گەرمیـان دەکـرد و نووسـینەکانی دەردەکەوتن.

شایی جندۆکان: گێژەڵووکە؛ وتراوە گوایە گێژەڵۆکە شایی و دەستگرتنی جنەکانە هەر بۆیەش لە هۆرامییدا بە گێژەڵووکە دەوترێت وەیولەجانێ.

هەروەهـا وتـراوە؛ هەرکەس دەرزی لە گێژەڵـۆکە بهاوێـت؛ ئیـدی دەتوانیـت جنـۆکە ببینیت.

یان وتوویانە؛ مێشکی مێشوولە و هێلکەی مێروولە تێکەڵ بکەیت و چای پێ بڕێژیت دەتوانیت جنۆکە ببینیت! هەروەها وتوویانە؛ گورگ جنۆکە دەبینێت و دەیخوات!

پشیلە دەبنە چاوەشی جنۆکان و دەهۆڵ و زوڕنایان بۆ لێدەدەن؛ وتووشیانە جندۆکان حەزیان لە ئاژەڵی بەڵەکە جاران بڕوا وا بـوو کە ڕەشـەبا زۆر بخایەنێت؛ ئەگەر تـازە بووکێک یان نۆبەرەی ماڵێک؛ بچێتە سەربان و بانگردێنەکە ڕاست بکاتەوە؛ ڕەشـەباکە دەکەوێت.

قەرالتووک؛ قەرەتوو تارمایی.

کراس گۆڕین؛ بەرگ گۆڕین: دۆنادۆن؛ گۆڕینی شکڵ و بەرگی مـرۆڤەوە بـۆ گیانداری تر؛ واتە لە مرۆڤەوە بوون بە ئەسپ؛ کۆتر؛ درەخت؛ کناچە؛ هەندێک جاریش؛ بوون بە شتی بێگیان.

سەمەندەر: لە بەشی حەوتەمدا وەک مارێکی ئەفسانەیی ئاماژەم پێ داوە.

وتراویشـە؛ باڵنـدەیەکی ئەفسـانەییە لەنـاو ئـاگردا دەژی و جـێ و لانـی نـاو ئـاگرە و هێلانەی تێدا دەکات و بەچکەی تیا هەڵدێنێت.

هەروەها وتراویشە جۆرێک مێرووە لە ناو ئاگردا دەژی.

پیرەمێرد وتوویە:

ئەڵێن (سەمەندەر) لە ئاگرایە

نەمدەگوت ڕاستە؛ ئەوم نەدیایە

## بەشی بیست و پێنجەم:

مەرجانەی جادوو: گوایە ئافرەتێکی جادووکار یان بە گێڕانەوەی تر؛ دێڵەدێوێکی دزێو و ناشیرین بووە کە دوو لێوی گەلەک گەورەی هەیە. بە جۆرێک یەکیـان ڕادەخـات و یەکیشیان بەخۆدا دەدات! ئافرەتی گەلەک ناشیرین؛ بە مەرجانەی جادوو دەچوێنن

وا دەزانم فکرەی ئەم هۆنراوەیەی شێخ ڕەزا؛ بۆ ئەو ەفسانەیە دەگەڕێتەوە
تەعەجوب گرمی لەوەی بەربوو لەو نەحسی قیرسچمە
دوو لێفەی دا بەیەکدا؛ خاڵە مەحموود؛ وتی لچمە

هۆنەرێکی تر؛ وتوویە:
مەرجانەی جادوو؛ بێ بە هاوسەرت
لیباسی گۆنیی بکەیتە بەرت
بۆ شێوی شەوێ ئەم دەرەودەر بی
چاکترە لەوە کە تووشی کەر بی

سێر: جادوو؛ سیحر؛ سهر.
پیاوخۆر: لە کۆندا پیاوخۆر یان مەرتیخۆر (مەرت: پیاو؛ مەرد؛ مێرد) بە گیانەوەرێک دەوترا کە تێکەڵەیەک بوو لە شێر و پیاو؛ بە جەستە؛ شتێک لە شێر گەورەتر بووە و هەموو لەشی شێر بووە تەنیا سەری نەبێت کە سەری پیاو بووە؛ بەڵام دەمێکی گەورە و ترسناکی ئەژدیهاییەوە.
ئەم ناوە چووەتە ناو زمانی یۆنانیی بە (mantikhoras) فارسەکان؛ کوێراییان دابێت! کردوویانە بە مانتیکور!
سەرهەڵکەنە: سەربڕ.
ئەژدیهای حەوت سەر: دەکرێت بڵێین؛ ئەژدیها بە ماری زەبەلاح دەوترێت. واتە دەتوانین بڵێین ئەژدیهای حەوت سەر دەکاتە ماری حەوتسەر وەک لە گۆرانیی حەسەن زیرەکدا هاتووە:
ژەهری ئەژدیهای حەوت سەر بێ
دەیخۆمەوە قەستی سەر بێ

لە کتێبی خەناوکە ناوی ئەم ئەژدیها حەوت سەرە بە (ڤیدۆس) هاتووە نەمزانی ئاخۆ وشەیەکی کوردییە یان نا هەروەها ئەژدیها هەمان بوونەوەری (دراگۆن)ی ئەفسانەیی نەتەوەکانی تریش دەگرێتەوە. هەردوو ماری حەوت سەر و دراگۆنی حەوت سەر؛ لە ئەفسانەکانی دێرینەی گەلی کورددا هەبوون.

دب: دێو پێم وایە لە وشـەی (دەهبا)وە هـاتووە کە لای عەرەب دەعبا و لای ئینگلیز (daeva) و (div)ـە و لە زمانی دێرینەی کوردییشدا دێڤا.
گومانیشم هەیە کە وشەی (دوب)ی عەرەبیی کە مانای ورچە هەر لەم وشـەی دب و دێبـا؛ دێڤـایەوە هاتبێت. بـۆ باشـتر بەرچـاوڕوونیی بـڕواننە وتـارێکم بە سـەرنیشـانی (ترسی ناو) واتە وشەی دب و دێڤ و دێو لە وشەی کۆنی (دێڤا؛ دێڤە)وە هاتوون پێوەندیشیان بە وشەی(devil)یئینگلیزییەوە هەیە.

## بەشی بیست و شەشەم:

<u>تێبینیی: سەرنیشانی ئەم زنجیرە وتارەم گۆڕی</u>
<u>پـێم وایە ئاوهـا کـورت و پـوختتر و گشتگرتریشـە و باشـترە لەم درێـژدادرییە:</u>
<u>(کۆمەڵێـک وشـەی جیهـانی سەرووسرووشـت و بـوونەوەری نـاو ئـایین و بـاوەڕی کوردەواریی و ئەفسانە و چیرۆکی فۆلکلۆریی)</u>

گوڵخەندان: ئافرەتێکە بە هەر جێیەکدا بڕوات و پێ لە هەر شـوێنێک دابنێت؛ ئەو جێیە دەبێـتە گـوڵ و گـوڵزار؛ هەر ئەمە نـا؛ ئەو گـوڵەی لە شـوێنپێی گوڵخەنـدان دەڕوێـت؛ چارەسەری گشت نەخۆشییەک دەکات!
جنیی: ئەجنی موورووەدەنگیلە لە بەشـی ٢١ ئامـاژەم پێ داوە؛ لە چیرۆکـی تـردا بە کـودیلەدەنگلیە هـاتووە؛ کە بـاوەژنێکی سـیحربازێک؛ دەنگـی خـۆی دەکـاتە نـاو مووروویەکەوە یان کودی (کولەکە)یەکەوە و بە پشـتی جووتە کـچەکەوەی دەکات و پێیـان دەڵێت؛ باوکتـان لە دواتـانەوەیە بـڕۆن و بـانگی باوکتـان بکەن هەتـا گوێتان لە بەڵێی باوکتان بێت بڕۆن و ئـاوڕ مەدەنەوە. کـچەکان هەتـا لە هێزی ڕۆیشـتن دەکەون هەر دەڕۆن و بانگی باوکیـان دەکەن و ئەویـش وەڵامیـان دەداتەوە. تـا دوو کـچەکە لە چۆڵەوانیی و لە جێیەکی دوور تێدا دەچن!
هەزار ئاواز: بولبولی هەزار ئاواز؛ تەیری هەزار تەیر؛ بولبولی خۆشئاواز
لە فارسییدا بە بولبولی هەزار دەستان ناسراوە.
دەستان هەر مانای ئاواز دەدات.

ئەم بولبولە باڵندەیەکی ئەفسانەیی و دەگمەنە؛ گۆیا بە هەزار ئاواز دەخوێنێت و پەیداکردن و دۆزینەوەی ئەم باڵندەیە کارێکی نەکردەنیی و زەحمەتە.
لە چیرۆکەکاندا یەکێک لە داوا قورسەکان؛ داواکردنی ئەم بولبولەیە ئەم بولبولە لە شاری پەرییانە و شابانووی پەرییان ڕایگرتووە.
بە بیستنی ئاوازی ئەم بولبولە مردوو زیندوو دەبێتەوە؛ کوێر چاک دەبێتەوە.
بازی زێڕین: ئەم بازە ئەگەر لە کن نەخۆش بخوێنێت؛ گەرد و خەوشی نامێنێت و چاکی چاک دەبێتەوە.
تەلیسمی ڕۆژ یان شەو: ئەو تەلیسمە مرۆڤ دەکات بە شتی تر؛ بۆ نموونە کوڕە شوان لە ئاوی کانیاوەکەی خواردەوە کە تەلیسمی لێ کرابوو؛ بە ڕۆژدا دەبوو بە کوولەکە و شەوان دەبووەوە مرۆڤەکەی جاران.
کچی پاشاش تەلیسمی لێ کرا بوو؛ بە شەوان دەبوو بە کۆتر.
سەرە گورگ: لە باخدا هەڵدەواسرا؛ چونکە بڕوا وا بوو؛ بە سۆنەیەوە باڵندە و پشیلە وقرتێنەرەکان ناوێرن قەرەی ئەو شوێنە بکەون؛ کلکی گورگیش لە کادانا بێت؛ مشک و شتی تر نزیکی ناکەون.
هەروەها شاخی کەڵەکێوی بۆ چاوەزار هەڵواسراوە.
مستەفا داودان: پێشی دەوترێت کەماندار (مستەفا کەماندار)؛ لە ئاییني یارساندا فریشتەی گیانکێشان و عەزابە.
دێوی حەوکوڕ: دەڵەدێوێکە حەوت کوڕی هەیە؛ دوو مەمکی گەلێک گەورە و شۆڕی هەیە بە جۆرێک مەمێکی چەپەی ڕادەخات و ڕاستە بەخۆدا دەدات! ئەگەر کاتی نووستنی؛ فریا بکەویت و دەم بنێیت بە مەمکی ڕاستیەوە؛ بە کوڕی خۆیت قبوڵ دەکات و لە شەڕی خۆی و حەوت کوڕەکەی ڕزگارت دەبێت؛ بگرە هاوکارییشت دەکەن بۆ کار و ئامانجەکەت.
مەمک مژین؛ مانای ئەوەیە من تۆ بە دایکی خۆم دەزانم. ئەم نموونەیە وا دەزانم بۆ پتر تێگەیشتنمان بکەڵکە.
ڕووداوێکی دوو سەد ساڵ لەمەوپێشم خوێندەوە باسەکە ئەوە بوو گومانی خراپیان بە کابرایەک دەبرد کە نیازی خراپی بەرانبەر بە ئافرەتێک هەبێت یان سەرودەری لەگەڵیدا هەبێت.

کابرا لەپێش چاوی برای کچەکەدا سەر دەنێت بە مەمکی ئافرەتەکەوە و دەڵێت ئەم ئافرەتە وەکوو دایکی منە و من چۆن شتی وا دەکەم! بەو جۆرە هەموو دڵیان ساف دەبێت!

## بەشی بیست و حەوتەم:

سەرەک: کەللەسەری ئاژەڵان کە لە ماڵدا یان لە بێستاندا هەڵدەواسران، بە دوو ئامانج:

یەکەم: بۆ جوانیی .

دووەم: بۆ چاوەزار و چاوبەست. ناوەکە گشتییە و سەر و کەللەی هەموو گیاندارێک دەگرێتەوە؛ بەڵام دەشێت بۆ هەر گیاندارێک؛ ناوێک هەبووبێت.

بۆ نموونە بە کەللەی کەر کە لە باخدا بۆ چاوەزار هەڵواسراوە وتراوە (سەرکەر؛ سەرەکەر) ئەسپی ڕەش: ئەسپێکی ئەفسانەییە؛ بەزۆریی لە چیرۆکەکاندا؛ وڵاخی سواریی ساحیران و بوونەوەرە دەرئاساکانە؛ خێرایی ئەسپەکە دەرئاسایە و وەک تیسکەی تفەنگ دەڕوات.

هێندە خێرایە دەتوانێت بەسەر ئاوی دەریادا غار بدات.

ئەسپی سپی: هەمان خەسڵەتی ئەسپی ڕەشی هەیە؛ بەڵام ئەمیان پاڵەوان و نیازچاکان دەیئاژۆن.

لە نێوان ئەو دوو ئەسپەدا؛ ڕەنگی ڕەش؛ نیشانەی نیشانەی خراپە و ڕەنگی سپیی؛ نیشانەی باشەیە.

دێودانگ: داودانگ؛ ناوی منداڵێکە کە بەری جووتبوونی مرۆڤ و دێوە.

چیای ڕەش؛ کێوی ڕەش: چیایەکی سەخت و چڕەڵانە؛ شوێنێکی ترسناک و مەترسییدارە و جێی دێو و درنج و دڕندە و ئەجندانە.

فەرهیت: جنۆکە پێم وایە ئەم وشەیە هەڵگەڕاوەی وشەی هەفریت؛ حەفریت بێت حەفریت؛ عەرفیت؛ ئەفریت؛ ئیفریت جۆرێکی باڵادەست و زەبەلاحی جنە بەڵام وەکوو ناویش بۆ جن بە کار چووە.

ئەوەش بزانین کە وشەی فەرهیت یان فەرحیت بە بێچووی نەهەنگیش وتراوە کە ڕەنگە واتاکەی ترازابێت و لە بنەمادا مانای (نەهەنگ)ی دابێت کە گیاندارێکی زەبەلاحەکە. چونکە مانای وشەکە خۆی (زەبەلاح)ە!

پۆلاکرۆژ: نێره دێویکه له هەموو دێوەکانی تر بەهێزتره؛ باوکی دێوی سپی و دێوی سوور و دێوی ڕەشه.
خەوی چل شەوه: دێوەکان که دەچنه خەووه چل شەو و چل ڕۆژ له خەودا دەبن له ئێوارەی کۆتا ڕۆژدا بەخەبەر دێنەوه.
شێوازی خەوتنی دێوەکان؛ پێچەوانەی مرۆڤه؛ ئەوان که چاویان نووقا بێت بەئاگان و که چاویان زەق بوو؛ خەوتوون.

## بەشی بیست و هەشتەم:

ئەسپی با: ئەسپێکه به خێرایی با دەردەچێت.
له چیرۆکی قەمەرناز و گوڵنازدا ناوی هاتووه.
بەستنی ئافرەت: ئەگەر ناوی ئافرەتێک بهێنیت و کلکی گورگ گرێ بدەیت؛ هیچ کەس ناتوانێت بچێته لای ئەو ئافرەته هەتا گرێکه نەکرێتەوه.
ماری خەونزان: مارێکه توانای قسەکردنی هەیه؛ نەک هەر مانای خەوەکان دەزانێت؛ بەڵکوو دەشزانێت چی خەوێکت بینیوه.
شوومیی ڕۆژەکان: سێشەمان سەرچاککردن و جل هەڵگرتن و به درووێندان باش نییه و ئەگەر سێ جار له سێشەماندا سەرت چاک بکەیت؛ تەمەن کورت دەبێت.
ئەگەر سێشەممانیش جل بکەیت؛ جلەکەت دەسووتێت.
پێنجشەمان و شەوان نینۆک کردن باش نییه.
شەمان بووکی تێدا ناگوێزرێتەوه و بووک گواستنەوه لەو ڕۆژەدا خراپه (شەمه کار و شەمه بار شەمه بووک تیای ناکرێ سوار).
دووشەمان بۆ ماڵگواستنەوه باش نییه؛ چونکه پەشیمان دەبیتەوه و دێیتەوه شوێنی خۆت. تەنانەت وتوویانه ئەگەر دووشەمه بەردێک له جێیەک بگوێزیتەوه؛ دێتەوه جێی خۆی.
نیوه مرۆڤ و نیوه مەیموون: له ئەنجامی هاوسەرگیریی مرۆڤ و مەیموون پەیدا بوون؛ له کەمەر بەسەرەوەیان مرۆڤ و به خوارەوەش مەیموونن.
سێوی جادوویی: ئەم سێوه چارەی نەزۆکییه! سێوەکه دەکرێت به دوو کەرتەوه نیوەی ژنەکه دەیخوات و نیوەی مێردەکەی. ئیدی کێشەی نەزۆکییان نامێنێت و منداڵیان دەبێت. یان هەر کەسێکی بەتەمەن بیخوات؛ گەنج و جەوان دەبێتەوه.

کاکۆڵ زێڕ و ددان مرواریی: دوو منداڵی دوانەی کوڕ و کچ بوون؛ کوڕەکە پرچی زێڕ و کچەکە پرچی زیو بووە بە کاکۆڵ زێڕ (کوڕ) و کاکۆڵ زیو (کچ)یش هاتوون

شەوچرا لە بەشی ١١ ئاماژەم پێ دابوو کە گەوهەرێکە؛ بەڵام هەمان ناوی شەوچرا؛ ناوی ئافرەتێکە؛ لە خوێنەکەی گەوهەر درووست دەبێت.

تێرنەخۆرە: بوونەوەر یان مرۆڤێکە تێرخواردنی نییە و هەر خواردنێک و هەرچەندێک بێت؛ برسێتیی ناشکێنێت.

هەر لەسەر مووروو: مووررووی شەوە؛ مووررووی هاڵ؛ مووررووییەکی نوکتە نوکتەیە زەیستان لە ملی دەکرد؛ هەروەها خەنجەر دەکرایە ژێر سەری ساواوە تا شەوە نەیبات یان دەوترا بۆ ساوای کوڕ؛ دەبێت شەش پیاز بدرێت لە شیش تا شەوە نەیبات.

مووررووی کۆکە: حەوت دەنک مووررووی ڕەنگ شین بوو؛ بۆ کۆکەڕەشە لە مل دەکرا.

مووررووی زەردوویی: مووررووییەکی زەرد بوو؛ بە دەستبەند دەکرایە دەست.

مووررووی زومڕوت: ئەگەر بۆ ماری دابنێیت و سەیری بکات؛ کوێری دەکات.

## بەشی بیست و نۆیەم:

نەشەمە: پێشگۆیی و نوقڵانەی خراپ و خوێندنەوەی خراپ بۆ ئایندەی کارێک یان کەسێک یان شتێک.

بڕوا وایە نەشەمەلێدان خراپە و وا دەکات بەو بارە خراپەدا بشکێتەوە کە باست کردووە.

وەک وتوویانە غەیبەتی کەس مەکە؛ دێتەوە ڕێی خۆت.

بەڕۆژە: ناوی کچی شای پەرییانە.

دەم ڕەش: کەسێک نوقڵانەی باش لێنەدات؛ نەشەمەی خراپ لێ بدات.

مەمک ڕەش: ئافرەتێک کە مەمک لە زاری منداڵێک بنێت بمرێت.

پێ ڕەش: کەسێک لەگەڵ هاتنیدا ناخۆشیی پێش بێت.

سەر ڕەش: سەرەخۆرە؛ منداڵێک بە لەدایکبوونی (دایکی)بمرێت.

پێ ڕەش: کەسێک بە هاتنی شتێکی خراپ ڕوو بدات.

ناخرەش: کەسێک هەمیشە بە چاوی خراپ و گومان لە هەموو شتێک و کەسێک بڕوانێت دەستڕەش: کەسێک شت بە دەستیەوە نەیەت یان نەڕوێت یان بشکێت شەوش.
مانە؛ شەوشەمەکی: شەماڵە (شەماڵە گرتنەوە)
فوتو: نەزر ترسی ناو جاران دەیانوت ئەگەر ناوی مار و دوپشک بهێنیت؛ ئەوا پەیدا دەبن؛ بۆ ئەوەی ئەمە ڕوو نەدات؛ لەگەڵ ناوهێنانیاندا؛ دەیانوت ناویان بە کوڵەکەی ئاشا چێ (ناویان بە کۆڵەکەی ئاشدا بچێت.)
گۆچانی جادوویی: ئەم گۆچانە؛ لە هەر شوێنێکدا بتەوێت و بیکوتیت بە ئەرزدا؛ کۆشکێک لەو جێیە درووست دەبێت.
حەوت تەبەقەی زەویی: وەک چۆن ئاسمان حەوت تەبەقە؛ زەوییش حەوت چینە هەر چینێکیش ژیار و ژیانی خۆی هەیە و مرۆڤەکان تێیدا دەژین.
هەریەک لەوانیش وەک سەر زەویی؛ بیابان و شاخ و دەریا و خڕ و دۆڵی هەیە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ڕێی تونێلێکەوە دەگات بە چینی یەکەمی ژێر زەوی لەوێ ڕێنمایی دەکەن؛ بە خوێندنی تەلیسمێک لە (کتێبی جادووەکان)؛ دوو بەران پەیدا دەبن یەکیان ڕەش و یەکیان سپی. ئەگەر سوار پشتی بەرانی ڕەش ببێت؛ دەیباتە چینی هەرە خوارەوە.
تفی سیمرخ: تف و لیکی سیمرخ؛ دەتوانێت پارچەی پەڕیو و لێبووەوەی جەستەی مرۆڤ؛ پێکەوە بلکێنێتەوە و چاکی بکاتەوە.
سوێندی دێو و پەریی: سوێندی هەرە گەورە و جێی بڕوای پەریی و دێوان ئەوەیە کە بڵێن؛ (بە شیری دایکم؛ بە تیری باوکم.)
سابوونی جادوویی: ئەم سابوونە لە هەر شوێنێک فڕێ بدەیت ئەو شوێنە دەبێتە شوێنێکی خلیسک. کچی ناو چیرۆکەکە؛ ئەم سابوونە و چەند شتێکی جادوویی تر لە دێوەکە دەفرێنێت و لە دەستی هەڵدێت بۆئەوەی دێوەکە نەیگرێتەوە کە بە شوێنیەوەیە؛ ئەو سابوونە هەڵدەدات لە دوای خۆیەوە و شوێنەکە دەبێتە لیزان (شوێنی خز) و لەسەری هەڵدەخزێت.

## بەشی ٣٠:

ئەژدەر: ئەژدیها.

مار و ماسین؛ دەبنە ئەژدەری سەحرا و نەهەنگ

دەست و پای بێسەروپای زاڵمە؛ دەیکەن بە وەزیر (حاجی قادری کۆیی)

بەردەکۆکە: بەردێکی کونە؛ دەکرێتە ملی ئەو کەسەی کۆکەی هەبێت؛ بۆ نەمانی کۆکەکەی.

ڕەشکێ شەڤێ: وەک دەستەواژەی (گورگانە شەوە؛ گورگانە شەوێ) بە کار دێت منداڵی پێ دەترسێنن دەڵێن ئەگەر نەخەویت دێت دەتخوات.

گورگانە شەوێ
گورگانە شەوێ
یاخوا کۆرپەکەم
خەوی لێ کەوێ

موفەڕک: هەڵگرتنی شتێکی کەم و بچووک لای نزرگە و پیاوچاکێک بۆ پیرۆزیی و بەرەکەت و خێر.

وەک خۆڵی سەر نزرگە یان پەتی سەوزی لای شێخ و پیاوچاکان.

کێوی ئەڵماس: شاخێکە؛ یەکپارچە ئەڵماسە وتراویشە باڵندەی سیمرخ لەسەر دوند و ترۆپکی ئەم شاخە هێلانە دەکات.

مووروویی دڵخۆشیی؛ مووروویی یوسر: بە لەملکردنی دڵتەنگیی ڕووت تێناکات.

ئاڵ بەدەست: کەسێک کە جنی گرتبێت یان خدری زیندەی لە ژیانیدا دیبێت ئەو کەسە ئەگەر ئافرەت بێت؛ لەچکەکەی و ئەگەر پیاو بێت؛ جامەدانەکەی دەداتە زەیستان تا ئاڵ زەفەر بە خۆی و منداڵەکەی نەبات.

جووکیی: کەسێک کە تەلیسم و سیحر و جادوو و نوشتەی ڕەش بکات.

تەشتی جادوویی: لە هەر جێیەک ئەم تەشتە فڕێ بدەیت؛ ئەو جێیە دەبێتە دەریا.

بۆچن؛ بۆچنە: بۆنبڕ؛ ئافرەتێک کە نەخۆشیی بەبۆنکەوتن دەردەکات و چارەی دەکات.

بۆنبڕ؛ بە (حەوت دەرمانە)ش دەوترا کە دەرمانی چارەسەری نەخۆشییەکە بوو و دەخورایەوە.

باڵندەی شووم و باڵندە پیرۆزەکان: هەندێک باڵندە لە تێڕوانینی کورددا؛ بە پیرۆز یان بەد و شووم دانراون. دەکرێت کاتی تر؛ ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەم لێرە تەنیا چەند ناوێک ئاماژە پێ دەدەم.
باڵندە شوومەکان: چۆلەکە؛ کونەپەپوو؛ قەلەڕەش؛ قەلەباچکە.
باڵندە پیرۆزەکان: حاجی لەقلەق؛ کوڕکوڕە؛ پەپووسلێمانکە؛ پەڕەسێلکە؛ کوکوختی.

**بەشی ٣١:**

بەی خەنان؛ بەی خەندان: بەهییەکی ئەفسانەیی بووە کە پێکەنیوە.
سێڤ گریان: سێوی گریی: سێوێکی ئەفسانەیی بووە کە گریاوە.
چلە: هەندێک کاروبار؛ چل ڕۆژیان بۆ تەرخان کردووە، چلەی منداڵ؛ چلە دەرکردن؛ چلەگیر؛ چلەکێشان: چل شەو ئێشکگرتن لە دەوری ساوا و بەبڵە و زەیستان بۆ ئاڵ و شەوە لێ دوورخستنەوەیان.
ئەمە پێشی وتراوە (شەوارە) هەروەها شەوارە بە (شەماڵە؛ شەوشەمانە) و شتی تریش وتراوە.
چلەکێشان؛ چلەگرتن: خەڵوە و ڕیازەتی عاریفان و زاهیدان، چل ڕۆژ مانەوەیانە لە خەڵوەتگە و ئەشکەوت و کاژێردا بە تەنیا و سەرقاڵبوونیان بە پەرستشەوە.
چلەی مردوو: چلە دانان بۆ مردوو (ئەمانە هەر بە کورتیی ئاماژە پێ دەدەم؛ دەنا وتاری سەربەخۆیان دەوێت).
گۆزەی جادوویی: فووی تێدەکرێت؛ دەبێتە سپا و لەشکرێکی بێشومار.
مانگ گیران هۆکاری خراپەی خەڵکە و ئەگەر بە سووریی بگیرێت: نیشانەی شەڕ و کوشتار و ناخۆشییە.
ئەگەر بە ڕەشیی بگیرێت؛ نیشانەی قاتوقڕیی و گرانییە.
ژێرپیاڵەی شین: وەکوو چاوەزار هەڵیانواسیوە.
کاسەی جادوویی: ئاوەکەی بڕژێتە سەر زەویی؛ دەبێتە زێڕ.
شالان و دالان: ناوی دوو سەگی ئەفسانەیی بوون؛ یاریدەری پاڵەوانی چیرۆکەکە بوون.
هەروەها شالان و دالان؛ وەک وشەکانی (شەولەبان؛ ڕەشی مشی...) بە کارهێنراوە.
یەک بە سێ کردن: کاتێک شتێک بە دەستەوە بشکایە؛ بۆ نموونە پەرداخێک؛ بە

تایبەت لە دەمی ڕۆژێدا؛ بڕوا وا بوو؛ ئەوە نیشانەی ڕوودان و ڕووتێکردنی ناخۆشیی و خراپەیەکە بۆیە دوو شتی تر لە هەمان جۆر؛ یان دوو شتی کەمباییان دەشکاند؛ تا بەڵاکە بکەوێت لە شتە شکاوەکان و لەوان دوور بکەوێتەوە.
پارکۆڵە: بێچووی دێو؛ خۆی ڕاستییەکەی پارکۆڵە بە (پارینە)ی هەندێک گیاندار وتراوە؛ وەک ورچ و بەراز.
دڕکە مارە: دڕکی مار؛ جۆرە ڕووەکێکی دڕکدارە و دڕکەکانی ژەهراویین و ئەگەر لە مرۆڤ هەڵچەقێن؛ وەک پێوەدانی مار؛ کوژەرە.
قەور شکاف: قەبردانەوە؛ گوایە جاران خەڵک کەمێک لە خاکی گۆڕیان لاداوە و لەگەڵ مردوودا قسەیان کردووە.

## بەشی ٣٢:

دڵدڵە: بوونەوەرێکی ئەفسانەییە؛ سەری ئافرەتە و ئەوی تری وەک ئەسپە.
مووروومەشیرە: مووروویەکی سپییە؛ ژنی شیردا لە ملی دەنێت؛ پەی ئەوەی شیری زۆر بێت.
مووروومەبەڵەک: موورووی ڕەش و سپین و دەکرێنە ڕشتە بۆ دەستبەند و پابەندی منداڵی لەڕولاواز، بۆ ئەوەی گۆشت و چەوریی بگرێت.
مووروومە ڕەشەکان؛ گۆشت و سپییەکان؛ بەزی پێ دەگرێت.
حاڵ لێهاتن: هەلەکە؛ جەزبە کەوتنە ناوی حاڵی خۆوە و بەدمەستبوون و بێئاگابوون لە دونیا و دەوروبەر ئەمە بەسەر سەرخۆش و دەروێش و گولێگری مۆسیقا و گۆرانییدا دێت.
بانبانک: گیاندارێکە؛ بڕوا وا بوو ئەم گیاندارە؛ لەسەر گەنجینە و زێڕ و زیو دەنوێت و هێلانە دەکات.
ئەوی لە چیرۆکەکاندا باس لە مشک دەکات کە پارە دەدزێت و گەنجی ئاڵتوونی هەیە مەبەست لە خودی مشک نەبووە، بەڵکوو مەبەست لەم گیاندارە بووە؛ ئەو تێکەڵییە؛ لەوەوە چاک بووە کە ئەم گیاندارەش؛ بە جۆرێکی مشک زانراوە.
بۆ نموونە لە فەرهەنگەکاندا دەبینین: بانبانک: جۆرە مشکێکی درێژکۆلەیە.
گۆڕهەڵکەنە: وتراوە؛ ئەم گیاندارە؛ لەو کۆرپە مردووانەوە درووست دەبن؛ کە لەگەڵ دایکە دووگیانە مردووەکەیان نێژراون.

تاس دانەر: تەلیسم هەڵوەشێن؛ جنۆکەگر.
شانەی جادوویی: لە هەر شوێنێک فڕێی بدەیت؛ ئەو شوێنە دەبێتە چڕەڵان و زەبەند و جەنگەڵ. خراپ نییە و حەز دەکەم ئاماژە بە دوو شت بدەم:
یەکەم: وشەی جادوو؛ لە زمانی کوردییدا بە جادوو؛ یاتوو؛ یادوو؛ جازوو هەیە، ئەم وشەیە؛ لە (جاذب)ی عەرەبییەوە هاتووە واتە ڕاکێشەر؛ کەمەندکێشکەر؛ ئەفسوونگەر لە زمانی کوردییدا وشەکە بە (چووزم) هەیە ڕەنگە گۆڕاوی چووزب بێت. چوونکە هەر کورد وشەی (جەزب)ی گۆڕیوە بۆ (جەزم).
چووزمان: دیمەنی سەرنجڕاکێش چووزماندار: سەرنجڕاکێش؛ دلڕفێن؛ دلکێش؛ دلبەر؛ ئەفسوونگەر وشەی ئەفسوون دەتوانین بلێین واتای (جادوو) دەدات.
ئەفسوونگەر (سەرنجڕاکێش)
دووەم: وشەی (سحر)ی عەرەبیی؛ لە وشەی (سەیر؛ سێل؛ سێر)ی کوردییەوە هاتووە بە مانای (سەمەرە) لە بنەمادا وشەکە؛ واتای (بینین؛ تەماشا) دەدات مەبەستیش لە شتێکە کە سەرنج ڕابکێشێت و شایانی سەیرکردن بێت لە پێشتریشدا ئاماژەم پێ دابوو؛ وشەی (سێرک) لەم وشەی (سەیر)ەوە هاتووە.
قەمزە نوشتە: بەرگی کاغەزی نووشتە.

**بەشی ٣٣:**

فریشتلە: فریشتەی بچووک.
قەر: فریشتەی بەخت؛ کە لەسەر شێوە و قالبی مرۆڤە.
پلێموت؛ گۆنگیر: ئیزرائیل؛ (ملك الموت)؛ فریشتەی گیانکێشان وشەی (فریشتە)؛ کە مانای مەلائیکەیە؛ هەمان وشە لە زمانی کوردییدا و لە (لەک و لوڕ)دا؛ مانای (بەخت: شانس)یش دەدات. وەک: فرشتەخێر: خۆشبەخت.
ماچی جادوویی: لە چیرۆکەکەدا (کوڕەکە ماچی کچەکە دەکات؛ بەو ماچە هەردوو چاوە کوێرەکەی چاک دەبنەوە.)
سوپەند: جاران تۆوی گیای سوپەندیان دەهاویشتە ناو ئاگرەوە بۆ چاوەزار؛ ئەمە لە شوێنێک کە گومانیان لە کەسێک هەبووایە چاوی پیسە.
تیبا؛ تاپۆ؛ تێبا؛ ساوێر؛ سیار؛ سوێس؛ سهنە؛ سەهوێر؛ شەودێز؛ ڕەشکی شەڤێ؛ ڕەشکە شەڤە: ڕەشایی؛ تارمایی لە بنەمادا؛ سیار و ساوێر هەمان وشەی سێبەرن.

کەومار؛ کەوەمار: بوونەوەرێکی ئەفسانەیی و هەروەها بوونەوەرێکی ڕاستەقینەشە دەربارەی بوونەوەرە ئەفسانەییەکە؛ وتراوە:
١-لاشەی کەوە و سەر و گەردنی کەوە.
٢-کەومار: کەوەحەفی؛ ماری باڵدار
بۆ بوونەوەرە ڕاستەقینەکەش وتراوە:
١-مارێکە دەنگی وەک کەوە
٢-مامۆستا کامیلۆ کافرۆشی پێی وایە باڵندەی (ستوبادۆک؛ ستوهمارک)ە (Jynx torquilla) بەڵام لە هەمووی ڕاستتر؛ کە من ڕام لەگەڵ ئەوەدایە و پێم وایە بوونەوەرە ئەفسانەیی و ڕاستەقینەکە لە بنەمادا ئەو گیاندارەیە؛ ئەویش باڵندەی (بوتیمار؛ بۆتیمار)ە.
بۆت: مراویی+مار واتە تێکەڵەی مراویی و مار واتە سرووشت و شێوەی لەو دوو گیاندارە دەچێت.
وشەی واق هەم دەنگی قاز و مراوییە؛ هەمیش دەتوانین بڵێین مانای مراویی دەدات لە هەمان کاتدا وشەی واق بە بۆتیمار وتراوە.
ئەم بۆتیمارە لەگەڵ شینەشاهۆ؛ لە یەک پێڕن و شینەشاهۆشی پێ وتراوە.
واتە شین و کەوە یەک شتن و ماریش هەر مارە! جیا لەمانەش جۆرێک مار هەیە پێی دەوترێت: کەومار: کەوەمار: شینەمار (کەوە: شین).
گیسکەبازەڵە: ئەم گیسکە داوای لێ دەکرێت خۆی بکوژێتەوە و بچێتە ناو مەنجەڵەوە و بکوڵێت و دوایش داوا لە ئێسک و پرووسکەکەی دەکرێت وەک خۆی لێ بێتەوە؛ دەبێتەوە بە گیسکەکەی جاران.
پیرۆزە: باڵندەیەکە سێبەر بەسەر هەرکەسێکدا سێبەر بکات؛ دەبێتە شا.

**بەشی ٣٤:**

ئەنگوستیلە ئەفسانەییەکان:
١-ئەنگوستیلەی جادوویی: ئەنگوستیلەی سلێمان: ئەگەر ئەم ئەنگوستیلەیە لە پەنجە بکەیت و دەست بەسەر نگینەکەیدا بهێنیت؛ عفریتەکان بۆ خزمەتکردن و بەجێهێنانی فەرمانت ئامادە دەبن.

٢-ئەنگوستیلەی جادوویی: ئەم ئەنگوستیلەیە؛ تیشکێک دەردەکات؛ ئەو تیشکە دەتوانێت دەریا شەق بکات.
٣-ئەنگوستیلەی جادوویی؛ لەناو ئاودا بێت تەلیسم درووست دەکات و ئەگەر لە ئاوەکە بخورێتەوە تەلیسماویی دەبیت، ئەنگوستیلەکە لە ئاوەکە دەربکەیت؛ تەلیسمەکە دەشکێت.
ڕیقنەی کۆتر: بە پێی چیرۆکەکان ئەگەر ڕیقنەی کۆتر؛ بکولێنرێت؛ چاوی کوێری پێ چاک دەکرێتەوە؛ تەنانەت دەتوانێت؛ جەستەیەکی لەتوپەتکراو ڕۆحبەبەردا بکاتەوە و چاکی بکاتەوە.
زەگزەگە؛ بەرتەڵاش؛ دەگەنەک؛ خەلۆل؛ حەپەنتی؛ گەوەزە؛ بەلان؛ کەڵان؛ حەپەنۆت؛ تەرکی؛ کەڵێن؛ کێران؛ نەترەبۆق: زەبەلاح؛ تەژەند.
کوندە پەپوو: باڵندەیەکی شوومە و حەزی بە وێرانە و کەلاوەیە و لەسەر هەر شوێنێک بخوێنێت؛ وێران دەبێت و کوێر دەبێتەوە.
کوکوختی (بیبیسوو)
کۆتر: کچێک بووە لەژێر دەستی زڕدایکێکی بێویژداندا، داوای لە خوا کردووە؛ ڕزگاری بکات لە چنگی باوەژن و خوداش داواکەی وەرگرتووە و کردوویەتی بە قومی یان کۆتر، ئاخر جار باوەژن ناردوویەتی بۆ ئاو و کەمی هێناوە و لەسەر ئەوە لێی داوە، ئەویش هەتا بە هەتا دەڵێت: کوو کوو نەمدی نەمخوارد نەمرێشت.

یان ئەم چیرۆکە دەدرێتە پاڵ پەپووسلێمانکەش؛ لەوێدا خەسوویەک بووکەکەی چەوساندووەتەوە و لە ئاخر جاردا ناردوویەتی بۆ ئاو، ئەویش داوای کردووە ببێت بە کۆتر و هەتا ئێستا دەڵێت:
پەپوو
خەسوو
کەف بوو
کەم بوو

پۆڕ: لە بنەمادا دوو کچ بوون دەگەڵ خوشکێکی تریان بە ناوی کەناچە؛ کناچە بووە

لەژێر فەرمانی باوەژنیان چوون بۆ دارکردن، کەناچە دەکەوێتە ناو ئاو و ڕاپێچی دەکات و دەیبات، دوو خوشکەی تر؛ لە بیمی باوەژنیان ناوێرن بگەڕێنەوە و داوا لە خوا دەکەن بیانکات بە پۆڕ و لەو کاتەوە بۆ هاورای کەناچەی خوشکیان دەکەن (کناچە؛ کەناچە: دەنگی پۆڕە) هەروەها ناوی باڵندەیەکیشە هەروەها بە مانای (کەنی؛ کەنیشک؛ کچ) دێت.

قەلەڕەش کە دەخوێنێت؛ دەڵێت (غاک غاک) ئەوە دەڵێت (من نەمدزیوە)

(چیرۆکەکەیم لە بیر چووەتەوە خێری دایبابتان کۆمەکم بکەن و بۆم تەواو بکەن) جا شتێکی تریش لەسەر قەلەڕەش هەیە:

وتوویانە ژنان کە قەلەڕەش دەبینن دەڵێن: (خێرخەبەر؟)

گوایە کاتی خۆی؛ ژنان قەلەڕەشیان ڕاسپاردووە و لە پەیامبەر سولەیمانیان بۆ بپرسێت کە ئایا ئەوانیش بۆیان هەیە؛ وەک پیاوان؛ چوار مێردیان هەبێت و جوابیان لێ بگێڕێتەوە، لەوکاتەوە قەلەڕەش ڕۆشتووە؛ جوابی لێ نەگێڕاونەتەوە و ئەوانیش هەر چاوەڕێی خەبەرن لێی!

## بەشی ٣٥:

مارمێلکە: بۆ ئەوەی تاو بسێنێت؛ فووی لەو ئاگرە کردووە کە ویستوویانە پەیامبەر ئیبراهیمی (د.خ.) تێهاوێن!

چۆلەکە: ئاگری بردووە؛ خەرمانی پەیامبەر (د.خ.) بسووتێنێت.

(کلاوکوڕە) ئاوی هێناوە و ئاگرەکەی کوژاندووەتەوە.

چڕنەموورە: دێویکە؛ ئەگەر هەزار جاری بکوژی دلۆپێک خوێنی بڕژێتە سەر عەرز زیندوو دەبێتەوە.

ئەوەی لەم خاکە دایکوتاوە ڕیشە
مەرگی کەوی کرد چەشنی چڕنەموورە
چنگی گیرکرد لە ئەوک و پرچی هەرچی
شلێر و شەشپەڕ و سوێسنە و چنوورە
(ئەمین گەردیگلانی)

چەوروشیرین: جۆرە مووروویەکە؛ بۆ شیرینبوون و چوونە بەر دڵ؛ دەکرا بە خۆوە ڕۆژەکان: سێشەممان ؛ تەراشکردن باش نییە؛ چونکە پەیامبەر (د.خ.) لەو ڕۆژەدا تەراشی کردووە و نابێت وەک ئەو بکەین چوارشەممان؛ سەردان و دیدەنیی نەخۆش باش نییە ئەو ڕۆژە بۆ زیارەتی پیاوچاک و سەرقەبران کراوە، واتە بۆ مردووە نەک زیندوو )

ڕۆژ چوارشەنبە؛ مەشۆ نە ڕای دوور چوار

مەلەک نە عەرش؛ دائیم پڕ جە نوور (خەلیل منەوەر)

سێشەممان؛ نینۆککردن باش نییە.

ڕۆژی هەینیی بۆ نینۆککردن باشە (خۆپاککردنەوە لە هەینییدا؛ سوننەتە)

دووشەممان؛ سەردان و سەفەر؛ چاکە .

ڕۆژ دووشەنبە؛ هەم تەدارەکەن

پەی سەفەر دوور؛ هەم موبارەکەن (خەلیل منەوەر)

(چوارشەممان؛ خۆت بشۆریت؛ تووشی باداریی دەبیت.

ڕۆژەکانی نۆ و نۆزدە و بیست و نۆی مانگەکان: لەلای لەک و لوڕ ئەم ڕۆژانە شوومن.

گوڵی تەمەن؛ داری تەمەن: دارێک یان گوڵێکە پێوەست بە تەمەن و حاڵوباڵی ئەو کەسەوە دەبێت کە دەینێژێت، ئەگەر مرۆڤەکە نەخۆش بێت و لە تەنگاسییدا بێت؛ ئەویش سیس و پەژموردە دەبێت، مرۆڤەکە گوراحخۆش و ئاسوودە بێت؛ ئەویش بە شەوق و ڕەونەق و گەش دەبێ، ئەگەر چێنەر و نێژەرەکەی بمرێت؛ ئەویش وشک دەبێت و دەمرێت.

چەلق و فەلەق؛ چەرخوفەلەک: ئەمە دەزانین بریتییە لەو یارییەی کە کۆمەڵێک ناوی تری هەیە.

وەک: (لەلووک؛ لەیلووک؛ ماینچەقەڵ؛ سارسارۆک؛ کورسی کورسی)؛ بەڵام لە چیرۆکەکاندا؛ ئامێرێکی ئەفسانەییە و وەک فڕۆکە و ئەو چەشنە وایە.

لەناو دەقی چیرۆکێکدا: )چەلق و فەلەق؛ بە ئەمری خوا؛ لەو چیایە دەگەڕا (خوانچەی ئەفسانەیی: سفرەی ئەفسانەیی؛ هەرکات ڕاییخەیت؛ سفرە دەڕازێتەوە و خواردنی لەسەر ئامادە دەبێت.

**بەشی ٣٦:**

کتێبی جادووەکان: ئەم کتێبە؛ هەموو تەلیسم و جادووەکانی تێدا نووسراوە و چیت بوێت؛ دەیخوێنیت و جێبەجێ دەبێت.

بۆ نموونە: بە خوێندنی تەلیسمێک لەو کتێبە؛ ڕۆح دەکرێت بە بەری ماسی و کەروێشک و تاژییەکی لە زێڕ دروستکراودا (لە چیرۆکی ئەحمەدپاشادا هەیە)

چۆمی ڕاستگۆ: چەمێکە؛ خەڵک بۆ دەرکەوتنی ڕاستیی و درۆ دەچنە سەری هەر کەس درۆ بکات؛ چۆمەکە ڕاستیی لێ دەڵێت.

کەڵبە و چاو و ئێسکی گورگ هەڵبگریت لای خەڵک خۆشەویست دەبیت؛ هەروەها وتراوە زاڵ دەبیت بەسەر خەڵکی تردا.

ئێسکی پەپوو سلێمانکە بکرێتە ناو پارەوە؛ پارەکە هەرگیز کەم ناکات و لێی نابڕێت

بەرداش هاوێژ: مرۆڤێکی زۆر بەهێزە؛ بە جۆرێک بەردی گەورەی وەک بەرداش؛ بە شێوەی مەنجەنیق دەهاوێژێت و دەتوانێت شورا و قەڵا بە ئاسانی تێکبڕمێنێت.

بازووبەندی ئەفسووناویی: ئەم بازووبەندە؛ لە قۆڵی ڕاستی هەرکەسێک بکرێت کە بێهۆش بێت؛ هۆش و ئاگای بەبەر دێتەوە.

مۆکڵ: فریشتە؛ بە مانای جنۆکەش بە کار هێنراوە.

دیارە هەمان وشەی (مەلەک)ە مۆکڵ ئاو: فریشتەی ئاو مۆکڵ ئاگر؛ مۆکڵ با؛ مۆکڵ ئایین؛ مۆکڵ ئاسایشت؛ مۆکڵ باران؛ مۆکڵ خاسیی (خۆشیی)؛ مۆکڵ خراویی (بەدیی)؛ مۆکڵ دارگەل (داران)؛ مۆکڵ دنیا (گیتی)؛ مۆکڵ ڕۆزی (میکائیل)؛ مۆکڵ چوارپا (پاژەڵ)؛ مۆکڵ مردن: ئیزرائیل؛ گۆنگیر؛ گیانکەنکە؛ مۆکڵ مانگ: فریشتەی مانگ؛ مۆکڵ زەوین.

ناهید؛ ناهیدە؛ ئاناهیدە؛ ئاناهیتا: ئەردی وەیسوور؛ خواوەندی مێینەی دێرینی کوردستان بووە پارێزەر و ئاگاداری ئاوی سەر زەوییە؛ پەرستگای لە کرماشان و مەهاباد هەیە.

ئابانگان: خواوەندی ئاگاداری ئاو ناهیدە؛ زوهرە؛ ڤینۆس دووربینی ئەفسانەیی: بەم دووربینە دەتوانیت ئەمسەروئەوسەری زەوی و دوورترین شوێنی زەوی ببینیت لەسەر ئەو بیرە دامەزراوە کە زەوی تەختە.

دەریـابڕ: مرۆڤێکـی دەرئاسـایە؛ توانـای مـانەوە و مەلەکردنـی زۆرە و دەتوانێـت بنـی دەریا و زەریاکان تەی بکات .
کەللـەی کەر؛ دەسووتێنرا؛ بۆ ئەوەی باران ببارێت.
قەرەقۆز: پـاڵەوانی نەنـاس و بێناونیشـان؛ بەو نمایشـکارەش دەوترێت کە نمـایش بە بووکەڵەکان دەکات کە بە داو و بەن بەرزەفتی کردوون.
پەلم: نەفرەت نـازی نازمەرجان: مریشـکێکە وەک مـرۆڤ؛ ڕۆڵـی پـێ دراوە دەیەوێت شـوو بکـات بەڵام بە زۆر کەس و شـت ڕازی نابێـت و چـونکە نـازی زۆرە و مەرجـی بۆرە. ئەم مریشکە بە مریشکە قوندە (کوڵە)ش ناوی هێنراوە

## بەشی ٣٧:

بولبولی خۆشئاواز: (پێشتر پێناسەم کردووە).
ئەم بولبولە؛ هینی کچی شای ئەجندان (پەرییان)ە.
کاتێکیش دەخوێنێت کە بسکی کچی شـاری پەرییـانی لـێ دیـار بێت لەوەلا ناخوێنێت، بۆیە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە کاتێکدا کچـی شـای ئەجندان خەوتـووە و بولبـولەکەی لـێ دەبات بە دزییەوە چەپکێک لە بسـکی کـچە پەرییش دەبڕێت بۆ هەمـان مەبەسـت ئەم بولبولە؛ لە بـاخی تـۆراو (باخێک لە بەر چـووبێتەوە و بەر نەگرێـت) بخوێنێت؛ دێتەوە بەر و بەر دەگرێت.
سەرسەرە: ناوی دێوێکە لە چیرۆکەکاندا ناوی هاتووە.
تیتک: نوشتە و مووررووی ناوچەوانی منداڵ.
لەرزبڕ؛ لەرزبەند: نووشتەی نەهێشتنی لەرزوتا.
شەقەبەند: نووشتەی نەهێشتنی شەقەژانی سەر (شەقیقە) وشەی (شـەق) مانـای نیوە دەدات شەقیقە لە مەوە هاتووە (ژانی نیوەی سەر)
شەقە گۆشت: نیوەی لاشەی سەربڕاو.
گۆزەی ڕاوێژ: ئەم گۆزەیە ئەگەر دەسـتی لـێ خشـێنیت؛ بە قسـان دێت و دەتوانیـت ڕاوێژی پـێ بکەیـت و ڕێچـارەت بـۆ دابنێـت بـازی تەلان: بـازی زێـڕین پێشـتر باسـی (بازی زێڕین)م کردووە. لێرە باسی ئەم ناوە دەکەم
وشەی تەلان پێم وایە کۆی ناوی (تەڵا)یە

(وشەی ئاتەڵ؛ تەڵ؛ ئاڵت؛ ئاڵتوون)یش لە بنەمادا کوردییە و باسیشم کردووە.
هەروەها گومانیشم هەیە کە وشەی (تەڕلان) هەر لەم (تەلان)ەوە زیاد بووە.
دەنا (تەڕلان) مانای چییە؟ بۆچی هەر لەگەڵ ناوی بازدا بە کارهێنراوە؟ (باسی چوواندن ناکەم) وشەکە چووەتە ناو زمانی فارسی و تورکییەوە؛ هەروەک وشەی تەڵا و ئاڵتوون.
دارکونکەرە؛ داتەقێنە؛ کە دەخوێنێت دوعا دەکات و لە خوا دەپاڕێتەوە باران ببارێت بۆیە کە بخوێنێت کەشوهەوا دەگۆڕێت بۆ کەشی باران.
زەنگی تەقڵەباز ئامێرێکی میوزیکیی ئەفسانەییە؛ لە شێوەی تۆپێکە کە چەندین شێپوور (فیقە)ی پێوەیە و چۆنی بگێڕیت؛ ئاوازت بۆ دەچرێت؛ بۆ ئەوەی بێزار نەبییت.
سێوی مێخەکرێژ: ئەم سێوە نیشانەی خۆشەویستیی و دڵگۆڕینەوەیە، ئەم سێوە مێخەکرێژ دەکرێت و وەک دیاریی خۆشەویستیی و بەدڵبوون و پێڕازیبوون لەلایەن کچەوە دراوە بە کوڕ.
حوروەش؛ حوری وەش: حۆرییئاسا؛ پەریئاسا، حوری وەشە؛ شیرین مەشە؛ کاکول ڕەشە؛ خال حەبەشە خالێن دقەر؛ میسکا تەتەر؛ نازک بەشەر؛ کافور بوو) (مەلای جزیریی)

**بەشی ٣٨:**

دۆڵە فریزان؛ دۆڵی فریزان: نیشتمان و خاکی ئەجندانە.
خەوبەند: خەواندنی جادوویی؛ خەواندن لە ڕێی سیحرەوە دیارە هەمان خەواندنە کە ئەمڕۆ ناونراوە (خواندنی موگناتیسیی) لە فارسییدا بە (خواب بند؛ خواب بستن) هەیە.
دانەچی: ئەوی سیحر بەسەر دەنکەجۆ و ئەو شتانەدا دەکات (دانەزن؛ جوزن فارسی)
جەلجەلووت: وتە و ویرەی جادووگەران.
ریمیا: زانستی جادوو.
سوڕپەری: پەریئاسا (سوڕ: جوانی سەرسوڕهێن)
خواڵە: خودای مێینە؛ ماخوا (بە دەم ڕێگاوە گوڵچنی)
سێوی هاوسەرگیریی: پێم وایە؛ پێوەستە بەوی بەرترەوە لە چیرۆکەکاندا؛ پاشا؛ دەیەوێت کچەکەی بداتە مێرد کوڕانی وڵات کۆدەکاتەوە لەپێش شابانوودا

شابانوو سێوەکە بدات بە هەر کوڕێک مانای ئەوەیە؛ حەزی لەوکوڕەیە و دەیەوێت هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات.
قاپووغی هێلکەشەیتانۆکە؛ دەکرا بە لیزگە(ڕشتە) و دەهۆنرایەوە و دەکرا بە بێشکەی منداڵەوە بۆ چاوەزار.
ئاگربەدەست: مەبەست لە کەسێکە کە ودمی هەیە؛ ئەوەش بە کەسێک دەوترا؛ کە منداڵێکی بە کارەساتی سووتان یان هەورەبرووسکە بمردایە (بە تایبەت خاوەن مردوو؛ ئافرەت بێت) بۆ پیاویش؛ کە گورگی کوشتبێت.
ئەو کەسانەی ودمیان هەیە؛ تیکەیەک یان کەمێک ترش دەکەنە دەمیان و بە تفیان تەڕی دەکەن و دەیخەنە سەر برینی نەخۆشەکە و چاکی دەکەنەوە.
ئەمە و تفی سیمرخ؛ ڕەنگە پێوەندییان پێکەوە هەبێت.
شەیتان تەرێن: کەسانێک کە جن/شەیتان لە گیان(لەش)ی خەڵک دەردەکەن.
گونکە توێڵە: خوشکەکەی دەنکەهەنارەیە خۆی ناوی (مینا) بووە.
بەڵام لە بەرئەوەی دوو گونک/دوومەڵ لە ناوچاوان و چارە/ڕوخساری هاتووە؛ پێیان وتووە (گونکە توێڵە) یان (دێگونەچارە)

**بەشی ٣٩:**

بەختگرتنەوە بە زەرزەنگ (تەسبیح)؛ فاڵگرتنەوە بە تەسبیح؛ حسابگەریی: بەشێک لە گەڵوازەی مووروە (دانە)ی زەرزەنگ؛ بڕ دەدرێن (جیا دەکرێنەوە) و پاشان دەژمێردرێن ئەگەر ژمارەکە جووتی هێنا، پێیان وایە بەختی باش دەهێنێت (بەختی جووتە: بەختی جۆرە؛ بەختی سازە (ئەگەر تاکیشی هێنا؛ پێیان وایە ئەوی بە نیازین؛ بۆیان ڕێک ناکەوێت و دەستگیریان نابێت.
ئام تاک و جووتە بە هەندێک شتی تریش کراوە بۆ نموونە پەڕەی گوڵ شێوەیەکی تری ئەوەیە هەردوو بژاردەکە دەوترێت؛ کۆتا دانەی کامیان بێت؛ پێیان وایە؛ ئەوەیان بۆ پێش دێت.
بۆ نموونە پەڕە پەڕەکردنی گوڵێک لەلایەن فێرخوازێکەوە؛ کە لەگەڵ لێکردنەوەی هەر پەڕەیەک؛ یەک بە دوای یەک دەڵێت:
دەردەچم
دەرناچم

دەرەچم
دەرناچم
دەرەچم

ئاڵی زەنگان: ڕەشکی شەڤێ؛ شەوە ئوڵوڵو: خۆخۆلێ: دوو ناوی ئەفسانەیین وەک شەولەبان؛ ڕەشی مشی بۆ ترساندنی منداڵ.
ئەسپەدارینە: بوونەوەرێکی خەیاڵیی بووە؛ دواتر کردوویانە بە ناوی ماتۆڕسکیل.
ئەسپی بەحری: ئەسپە و لەناو ئاودا دەژی و دەشتوانێت بێتە دەرەوە و پاڵەوانەکان لە بەحر دەری دەکەن و سواری دەبن.
کاردۆغە: وشەیەکە بۆ بەتاڵکردنیی شوومیی دەوترێت.
(قەل قڕاندی؛ کاردوغە) نکل و نکین: نەکیر و مونکەر؛ دوو فریشتەی لێپێچەرەوەی ناو گۆڕ.
قوتیلەچرای ئەفسووناویی: قتووەیەکە دوو مۆمی تێدایە؛ بە داگیرساندنیان؛ دوو عفریت ئامادە دەبن بۆ نوات (نوا: نەوا؛ خزمەت)
لات و مەنات: دێوەکان کافرن و سوێند بەم دوو بتە دەخۆن.
پەل: فاڵ (فێڵ؛ بەخت)
پەلدار: فاڵگر؛ فاڵگیر؛ فاڵچی؛ فالاوێژ؛ پێشڤاوی؛ بەختوێژ؛ بەختبێژ ئینسان ئاویی؛ ئینسان.
دەلیا: بوونەوەرێکی ئەفسانەیی ناو دەریایە؛ نیوەی لەشی مرۆڤە و نیوەشی ماسییە (پەریی دەریا)
جانیی: ناوی سەگێکی ئەفسانەییە؛ ئەم سەگە؛ موویەکی خۆی دەداتە پاڵەوان؛ دەڵێت هەرکات ئەو مووەم هەڵبکڕوزێنیت؛ لەپێشت ئامادە دەبم و دێم بە هاناتەوە.
ئەنگوستیلەی گەروو: پێشتر باسم کردبوو؛ سێ جۆر ئەنگوستیلە هەیە بەڵام ئەمەش هەیە! ئەم ئەنگستیلەیە؛ چیت لێی بووێت؛ بۆت دەستەبەر دەکات.
پاڵەوان (حەمەدۆک)؛ کچی شای ماران ڕزگار دەکات و دەیگەیەنێتەوە بە دایبابی لە هەمبەردا پێی دەڵێن: چیت داوایە بیڵێ؟ ئەویش: داوای ئەنگوستیلەی گەرووی شا دەکات ئەوانیش دەیدەنێ ئیدی خوا وەتحەسێنێ! بیوتایە برسیمە لە سای ئەنگوستیلە؛ خواردن ئامادە دەبوو بیوتایە کۆشکم دەوێت؛ کۆشک پەیدا دەبوو.

**بەشی ٤٠:**

چەکمەی خۆشئاژۆ: جزمەی خۆشبەز؛ جزمەیەک کە خۆش دەڕوات؛ خێرات دەکات.

ڕێویی لە پێی کرد؛ چەکمەی خۆشئاژۆ
ڕووی کردە قۆپی؛ بۆ ڕاوە ژیژۆ
یەکەم ژیژۆی دی؛ کەوتە دەستوبرد
قەڵەمبازی دا و هێرشی بۆ کرد
(محەمەد فاتیح محەمەدی)

هلێن: دێوەزمە؛ پیرهەڤۆک ڕەنگە هەمان هاڵە (یاڵە: هاڵ؛ ئاڵە) بێت.

پۆرش ڕوین: بە بە پۆڕا ڕوین (ڕابیتە: چاو نوقاندنی سۆفیهکان بۆ پەیوندی کردن بە شێخ و ڕۆحی پیاوچاکانەوە).
پیرەجازوویی؛ عەجووزە؛ پیرهەڤۆک؛ جازوویە؛ جادوویە.

نەسناس: گوایە بوونەوەرێک بووە کە خودا پێش مرۆڤ درووستی کردووە  بە ڕای من؛ نەسناس هەمان بەشەر دەکاتەوە جیاوازیی (بشر و انسان) ئەوەیە؛ دەوترێت بەشەر پێش مرۆڤ لەسەر زەویی هەبوون و خاوەن ژیریی کەم بوون و هاوسەرگیرییان لەگەڵ مرۆڤەکان کردووە ئەو پاشماوانەی کە دەوترێن نیاردەتاڵ و شانیدەر و کرۆمانیۆن؛ پاشماوەی بەشەرەکانن.
هەروەها وتراوە؛ نەسناس بەشەر نەبوون و شێوەیان جیاواز بووە و خاوەنی یەک قاچ بوون!
چاوبەند: کەسێک چاوەزار هەڵدەوەشێنێتەوە و کاریگەریی لادەبات؛ مانای چاوبەستیش دەدات.
ماربەند: مارگر؛ کەسێک مار دەگرێت و لێیان ئەمینە؛ یاخود بە نووشتە و جادوو مارانگاز چاک دەکاتەوە.

گڵێم گۆش: بەپێی فەرهەنگی مەردۆخ؛ هەمان (یەئجووج و مەئجووج)ە بەڵام ئەوە هەڵەیە و هەمان (گوێ سێڵ)ە.

بارگووش: نووشتەیەکە بۆ منداڵی تازە لەدایکبووبی دەنووسن و پێوەی دەکەن.

پەریبڕ؛ فریشتەبڕ؛ منداڵێکی نێر؛ کە پێستی زیادە بە چووکیەوە نەبێت.

دەوترا؛ پەرییەکان (فریشتەکان)؛ لە سکی دایکیدا خەتەنەیان کردووە.

لای ئێزیدییەکان پێی دەوترێت (سوونەت نەبی)

پیوار: غەیب پێم وایە؛ لە بنەمادا یەکە لەگەڵ بەیار (قسەی ناڕوون و بەتوێکڵ و نادیار).

دیناو؛ ویناو: لاچوونی پەردەی پێش چاوی هەندێک مرۆڤ لە بینینی بوونەوەرانی نادیار بۆ نموونە لاچوونی پەردەی چاو و بینینی جنۆکە، یان هەستپێکردنی بوونەوەرانی تری وەک فریشتەکان لە ڕێی دڵەوە.

جەغزی مەنتەر: بازنەی جادوویی؛ ئەو بازنەیەی بۆ ئامادەکردن و بانگکردنی ڕۆح و جن دەکێشرێت.

بوغدوز: پیاوێکی کورد بووە چووەتە خزمەت پەیامبەری ئیسلام (د.خ.)؛ بە قسەی درۆزنان! دەموچاوی زۆر بلّح و سامناک و چارەگران بووە و پەیامبەر؛ قێز و سڵی لێ کردووەتەوە و لە سای ویەوە؛ تووک و نزای لە هەموو کورد کردووە!

کوڵەفیتنە: بە کەسێکی فێڵباز و فتنەگێڕ و ئاژاوەچیی و کورتەبنە دەوترێت.

جاران بڕوا وا بوو؛ کورتەباڵاکان زۆر دەزانن و گرەو لە هەمووان دەبەنەوە و لە تەڵەکەبازیی و بەشی خۆبڕیندا؛ نموونەیان نییە.

بستەباڵای نۆگەزە ڕیشە و بابەعەمرە و باوەقۆرەت و چەند وشەی تر؛ هەر ئەم پەیامەیان تێدایە. بە پێچەوانەشەوە؛ کەسانی درێژ؛ بێئەقڵ و کەمئاوەزن و دەوترێت ئەقڵیان لە ئەژنۆیاندایە!

شەبەک: بەردێکی ڕەشە؛ بە ملوانکە لە مل دەنرێت تا مۆتەکە و شەوە زەفەر بە هەڵگرەکەی نەبات.

**بەشی ٤١:**

ئەرنائوت: ئەرنەئوت، زەبەلاح.
بەستراو، بەسراو: کەسێک نوشتە و جادووی لێ کرابێت و بەختی بەسترابێت یان دەمی یان داوێنی...ئەگەر دەمی ببەسترێت لەو شتە ناخوات یان قسەی تێدا ناکات و ئەرێ نادات. ئەگەر بەختی ببەسرێت؛ هاوسەرگیریی ناکات. دامێنی ببەسرێت؛ سەرجێیی ناکات.
پیرێژنی سەرئاسن: پیرێژنی بێبەزەیی و دڵڕەق و خودانەناس و سڵنەکەر لە ئازاردان و خراپە .
قەرە: جنۆکەی منداڵڕفێن .
قەرەنتیی: ڕەشایی، تارمایی .
نەتەکین: شوێنێکی پیرۆز، وەک نزرگا و پەرسگا، کە خەڵک سڵی لێ بکەنەوە.
تێبا: تیبا، تاپۆ، تارمایی، شەبەح .
تەلەسم: تەلیسم، نووسراوی جادوویی لەسەر تەل و سیم (تەل، تەلا، ئاتەڵ: ئاڵتوون) (سیم: زیو) لە بنەمادا سیم و تەل هەمان وشەی (تاڵ)ن، هەروەک ئەمڕۆش بە مانای تێل، تاڵی باریکی کانزایی بە کار دەهێنرێن .تەلی کارەبا، سیمی ڕاکێشانی سەیارە .
دێولاخ: دێولان، دێوستان، جێی دێوان، شوێنێک کە دێوەکانی لێ دەژین و بۆ مرۆڤ؛ پڕمەترسیی و ترسناکە .
داندۆ: دێوێکی ترسناکە و هیچ چەکێک نایبڕێت؛ لاوازیی ئەم دێوە ئەوەیە ئەگەر بتوانیت زۆر تووڕەی بکەیت و خەفەتی پێ بدەیت. لە ناخەوە گڕ دەگرێت و سەرتاپا دەسووتێت و دادەمرکێتەوە. ئەم ناوە لە هەڵگەڕاوەی ناوی (دێودانگ) دەچێت کە لە بەشی (٢٧) باسم کردووە .
قایش باڵدر: جنۆکەیەکە گوایە بە شەو پیاوی دەفڕاند، بەڵام ئەگەر پیاوەکە دەستی ببردایە بۆ بەنەخوێنەکەی؛ ئەوا ئەو بە هەڕەشەی ناموس تێی دەگەیشت! جا چونکە زۆرحەیابەخۆ و بەتەنگ ئابڕووی خۆیەوە بووە؛ تێی قوچاندووە.
جۆکیی: جووکیی، کەسێک نوشتەی ڕەشیی و چاوبەست و دێوبەند و کاری تەلیسم و جادوو بکات .
ورشە: لێدراو لەلایەن جنۆکەوە، جنزەدە (بە مانای تریش هەیە).